

بەشێك لە ڕۆمانی

# كازینۆی مندالأن

كاروان عومەر كاكەسوور

## بەشی یەکەم

بەردەوام دەستی چرچ و لەرزۆکی لەو ئۆتۆمۆبیلانە ڕادەگرت، کە تیژ تیژ بەسەر ئەو شەقامە جەنجاڵەدا تێدەپەڕین... جار جار تاکسییەک بۆی دەوەستا، کە ڕاستییەکەی ئەویش هەر یەکێ لەوانی دەویست، بەڵام چونکە بەو چاوە کزانەی نەیدەتوانی تاکسی و ئۆتۆمۆبیلی ئاسایی لە یەکتر جیا بکاتەوە، بۆیە دەستی بۆ هەموویان ڕادەشەقاند... دە تا دوانزدە دانە لە بەردەمی وەستان، بەڵام هەر ئەوەندە پشتی تا ئاستی دەرگاکە دەچەماندەوە و بەو دەنگە نووساوەی، کە گریان لە ماوەی ئەو سێ چوار ڕۆژەدا هێندەی دیکە شێواندبووی؛ دەیپرسی:

_ دەتوانیت بمگەیەنیتە لای کازینۆی مندالأن...؟!



ئیتر شۆفێرەکە وای دەزانی گاڵتەی پێ دەکات، بۆیە تووڕە دەبوو و جێی دەهێشت... یەک دووانێکیان جوێنێشیان پێ دا:

ـ پیرەمێردی بۆگەن، تۆ چیت لەم دنیایە ماوە، تاکو شەڕ بە خەڵک بفرۆشیت...!!

ـ ملت بشکێنە و بڕۆ بۆ دۆزەخ...!! مەگەر مەبەستت لە کازینۆی منداڵان هەر گۆڕە نابووتەکەت بێت، کە بەم نزیکانە وەکو جرجی تۆپیو فڕێ دەدرێیتە ناوی...!!

(مامۆستا سوهاد) گوێی بە جوێنەکان نەدەدا، چونکە دەیزانی ئەو گەنجانە هیچ شتێک لەبارەی ئەو کازینۆیەوە نازانن... پەلەی ئەوەیشیان بوو نەفەری دیکە هەڵبگرن، بۆیە چاوەڕێیان نەدەکرد پێیان بڵێت: ((لە ناوجەرگەی شارە، بگرە دەڕوانێتە قەڵاتیش... لەوێ مرۆڤ بە هیچ شێوەیەک بۆی نییە باسی گەورەیی بکات، بەڵکو بۆ ئەوە کراوە بەسەرهاتی منداڵیی تێدا بگێڕێتەوە... خۆ تۆ ئەگەر لە خەیاڵی خۆیشتدا بە لای گەورەییدا بچیت، ئەوا شاگردە وریاکان هەستت پێ دەکەن و بە بێدەنگی فڕێت دەدەنە دەرێ... کەسیش لەوێ ئامادە نییە گوێ لە یەکێک بگرێت، کە جگە لە باسی منداڵی، مێشکی خۆی بە شتێکی دیکەوە خەریک بکات))... بە دەنگی کز و تێکشکاوی ئەو قسانەی لە بەر خۆیەوە دەگوت و تێکەڵی ژاوەژاوی ناو شەقامەکە دەبوون......

دەستی لە کۆمەڵێک ئۆتۆمۆبیلی دیکە ڕاگرت و حەوت هەشت تاکسیی تر بۆی وەستان... تۆپەڵێک جوێنی دیکەیشی پێ درا، بەڵام دواجار یەکێکیان پێی گوت:

ـ ئەو کازینۆیە نەماوە و کراوەتە ئاپارتمانێکی بەرز، پیرەمێرد، بەڵام من دەتوانم بتبەمە ئەوێ.

(مامۆستا سوهاد) کاتێ گوێی لەو قسانە بوو، دڵی داخورپا... سەری خولایەوە... هێندەی نەما ببوورێتەوە... لە ڕێگا هەرچەندی دەکرد بە بیری نەدەهاتەوە چۆن دەرگای تاکسییەکەی کردووەتەوە و لەتەنیشت شوفێرەکە دانیشتووە... ڕەنگە هەر بە ڕاستی بوورابێتەوە و ئەویش بەو دەستە بەهێزانەی هەڵیگرتبێتەوە... وەک مەنجەڵێک ماست، یان زەرفێک پەتاتە، فڕێی دابێتە سەر ئەو کوشینە... ماوەیەکە زوو زوو دەبوورێتەوە... هەر بەو هۆیەشەوە (زیتۆ)ی زیت و نازداری لە دەست دا... نا، نایەوێت ئەوەیانی بیر بکەوێتەوە، هەر لەبەر ئەوەیش بوو دەیویست بچێتە ئەو کازینۆیە، بەو مەبەستەی لەوێ هەندێک خەمەکانی........، .......

شوفێر بۆی باس دەکات، کە ئەو دەوروبەرە هەموو تێک دراوە، تەنانەت سینەماکانیش شۆفەڵیان لێ دراوە و کراونەتە گەراژی ئۆتۆمۆبیل... تەنیا مزگەوتەکان نەبن... ئەوانیش وەک خۆیان نەماون، بەڵکو نوێیان کردوونەتەوە و نەخشی سەر گومبەز و منارەکانیشیان سەرتاپێ گۆڕیون......

لەناکاو جانتاکەی بە بیر دێتەوە و دڵی دادەچڵەکێت... دوور لە ویستی خۆی هاوارێک لە دەمی بەرز دەبێتەوە:

ـ جێم هێشتووە...!!

شوفێرەکە پێی دەڵێت:

ـ جانتاکەت...؟! نا، مەترسە... وا لە دواوەیە.

تەریق دەبێتەوە... زیاتر بۆی دەردەکەوێت ئەوسا بووراوەتەوە و شوفێرەکە هەڵیگرتووەتەوە... چەند جارێک ئاوڕی بۆ دەداتەوە، ئەگەرچی بە حاڵ دەیبینێت... ڕەنگێکی سەوزی هەیە... کابرا لەو چوارڕێیانە کاتێ بۆ گڵۆپی سوور دەوەستێت، دەستی بۆ درێژ دەکات و دەیهێنێتە پێشەوە... وەک

منداڵ دەیخاتە باوەشی و ئەو بە سنگی خۆیەوە دەنووسێنێت... ئێستا لە بەرچاویدا زەرد خۆی دەنوێنێت... ئەو چەرمە ڕەقە لەگەڵ پێستی خۆی جیاوازییەکی ئەوتۆی نەماوە... خەریکە بە دەنگ بڵێت: ((ئای زەمەن زەفەرت بەمەیش برد...!!))، بەڵام قووتی دەداتەوە و سەرێک با دەدات... ئاخێکی قووڵ هەڵدەکێشێت، کە لەم سێ چوار ڕۆژەدا هەزارانی وای هەڵکێشاوە... نازانێت بۆچی لە سەرتاپێی ماڵەکەدا هەر ئەمەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، بەڵام ئەوەندەی لا ڕوونە جارێکی تر ئەو بەردەرگایە نابینێتەوە... لەوەیش زیاتر نەیدەتوانی تێیدا بمێنێتەوە، ئەگینا مەحاڵ بوو جێی بهێڵێت... نا، بەرگەی ئەو بۆنەی نەدەگرت، کە ئەگەرچی بە دەمیەوە نایەت بڵێت ناخۆش بوو، بەڵام بیەوێت و نەیەوێت خنکێنەر بوو... وا زۆر چاک دێتە بەرچاویشی چۆن یەک دوو ڕۆژی تر ئەو بۆنە دەگاتە دراوسێکان و بە گشت گەڕەکدا بڵاو دەبێتەوە... ئەوسا وا دەزانن خۆیەتی لەو ماڵە چۆڵە مردووە، بەڵام دوایی لە ڕێگای پۆلیس و شارەوانییەوە ڕاستییەکە دەزانن، ڕێک وەکو ئەوەی دەیانجار لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لەبارەی خەڵکی ئەورووپاوە خوێندوویەتیەوە... ڕاستە لێرە ڕووداوی لەم شێوەیە زۆر دەگمەنە، بگرە هەر بوونی نییە، بەڵام ئەو خۆی لەپێش هەر کەسێکی دیکەوە دەزانێت ژیانی هەر ئاوا پڕی بەسەرهاتی سەیروسەمەرە بووە......

توندتر جانتاکە بە سنگیەوە دەنێت... تەنیا جیهازی بوکێنیی (تیشکەشان)ی تێدایە، کە ئەو خۆی هەر بە (تیشکان) ناوی هێناوە... فستانە سپییەکەی، جووتێ پێڵاوی هاوینەی ڕەش، دەستکێشە توولەکانی، یەک دوو شتی وردی لە شێوەی ئەڵقە، ئەموستیلە، گوارە، بازن و ملوانکە... کێشیان ناگاتە سێ کیلۆ گرام، بەڵام تەمەنیان شەست ساڵ زیاترە... لەوساوە لەناو ئەو جانتایە هەڵگیراون... لە شەوێکی ئابی چلوحەوت، لە سەربانی خۆیان لە قەڵات، هەموو ئەوانەی بە دەستی خۆی لەو جەستە توندوتۆڵ و لووسەی داکەند... بە ڕووتی باڵای بەرزتر خۆی دەنواند... تریفەی مانگیش باقوبریقی پێ دەخست، کە ئەمەیانی زۆر بە دڵ بوو... دە ساڵ لەمەوبەر کاتێ (تیشکەشان) بە بێدەنگی بڕیاری جیابوونەوەی دا، بەشێکی زۆری شتومەکەکانی لە جانتایەک ئاخنی و بردنی، بەڵام نەیزانی ئەوەیانی بە قەستی جێ هێشت، یان لە بیری چوو... ڕاستییەکەی هەر نەیزانی بۆ کام لایش سەری خۆیی هەڵگرت... دەسا ئەو کەسی لەم دنیایە نەماوە، تاکو ڕووی تێ بکات...!! هەرگیز باوەڕی نەدەکرد دوای پەنجاوسێ ساڵ ژیانی هاوسەرگیری لەپڕ بڕیارێکی ئاوا بدات... ئەوسا ئەو ڕێک لەم تەمەنەی ئێستای خۆی بوو، بەوەی دە ساڵ گەورەتر بوو... ڕاستە سیوسێ بەهار بوو قسەیان پێکەوە نەدەکرد، بێ ئەوەی شەڕیان بووبێت، بەڵام خۆ دەیزانی هاوسەرێکی هەیە و لە ماڵەکەیە... لەو ڕۆژەوە (گوڵباران)ی نۆبەرەیان، کە ئەو هەندێجار بە (گوڵبێ) ناوی دەهێنا، لە تەمەنی بیستساڵی، لەپڕ دیار نەما و کەس نەیزانی سەری خۆی بۆ کوێ هەڵگرت، یان چ سیحربازێک بردی و لەم دنیایەی دوور خستەوە؛ ئیتر ئەوان لە ئاستی یەکدا دەمیان داخست، بەڵام هەستی دەکرد ئەوە هۆکاری ئەو بێدەنگییە نییە... هەر یەکەشیان بە جیا و لەسەر شێوازی خۆی بە دوایدا دەگەڕا، بەڵام هەردووکیان لەو خاڵەدا بە یەکتر دەگەیشتنەوە، کە نەیاندەویست پۆلیس لە کێشەکە ئاگادار بکەنەوە... نەیدەزانی (تیشکان) بۆچی نایەوێت دامودەزگای پۆلیس



بەوە بزانن، بەڵام خۆی باوەڕی وا بوو ئەوانەی ون دەبن، تەنیا لە ڕێگەی هەستەوە دەدۆزرێنەوە، کە ئەو هەستە لە پۆلیسدا نییە، مادام ئەوان وەکو ئەرک ئەو کارە ڕادەپەڕێنن... (مامۆستا سوهاد) لە شوێنە کۆنەکان چاوی بۆ دەگێڕا و لە خەڵک پرسیاری دەکرد، بە تایبەتی لای ماڵە کۆنەکەیان لە قەڵا، کە (گوڵبێ) لە ڕۆژێکی باراناویی مایسی ساڵی چلوهەشت لەوێ لە دایک بووبوو و دە ساڵی تەمەنی لەو گەڕەکە بەسەر بردبوو... هەروەها سەردانی هەموو ئەو کوڕانەی دەکرد، کە بە درێژاییی ساڵەکانی خوێندنی ناسیبوونی، بۆیە دوو جار بەو مەبەستە چووە بەغدادیش، ئاخۆ لەگەڵ یەکێ لەوانە ڕێک نەکەوتووە، تاکو بە جووتە بۆ لایەک سەر هەڵبگرن، بەڵام ئەوان بێئاگاییی تەواوی خۆیان لە ونبوونەکەی پێشان دەدا... بۆی دەرکەوت چەند وردتتر لە سیمای ڕێبواری سەر شەقامەکان ورد ببێتەوە، هێندە زیاتر بە لێڵی دێنە بەرچاوی، بە ڕادەیەک هەموویانی وەک تارمایی دەبینی... زۆر جار نەیدەزانی ئاخۆ ئەوان بەرەو ڕووی دێن، یان لێی تێدەپەڕن... ئەمەیش دەیخستە سەر ئەو باوەڕەی گەڕانەکانی بێهودەن... (تیشکەشان) ڕووی لەو شوێنانە دەکرد، کە هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان (گوڵباران)یان لێ نەبینرابوو، بێ ئەوەی لە کەسێک بپرسێت ئاخۆ شتێک لەبارەی کچەکەیەوە نازانن، بۆیە هەر بەو مەبەستە چەند جارێک بۆ شارەکانی دەوروبەری هەولێریش سەفەری کرد... (مامۆستا سوهاد) ئەوانەی کاتێ دەبیست، کە (تیشکەشان) بۆ میوانەکانی دەگێڕانەوە... بەو هۆیەشەوە ئاگایان لە (فریاد)ی کوڕیان بڕا و نەخۆش کەوت، کە تەمەنی دەگەیشتە شەش ساڵ و حەوت مانگ... لە کلاسی یەکەم دەیخوێند... تایەکی گەرمی لێ هاتبوو و دوای چەند ڕۆژێک لە ناوەڕاستی حەوشە مردبوو... بۆی دەرکەوت تینوویێتی زۆری بۆ هێناوە و هاتووە لەوێ ئاو بخواتەوە، بەڵام دەستی نەکەوتووە و خنکاوە... ئەوە لە کاتێکدا بوو، کە هەر یەکەی چووبووە لایەک، تاکو کچەکەیان بدۆزنەوە... ئەو ڕووداوە ئەگەرچی زۆر ئازاری دان، بەڵام نەگەیشتە ئەوەی پێکیان بهێنێتەوە، یان بە مانایەکی دروستتر وای لێ نەکردن لە ئاستی یەکتردا زمانی خۆیان بکەنەوە... (تیشکەشان) زوو کۆڵی دا و نەیویست لەوە زیاتر بیر لە کچەکەی بکاتەوە، بەڵام ئەو چەند بیویستایە لە بیر خۆیی بباتەوە، بۆی نەدەکرا... دەیزانی (تیشکان) ئیتر بە دوایدا ناگەڕێت، بەڵام باوەڕی تەواوی هەیە ڕۆژێک کچەکەی دەگەڕێتەوە، کەچی خۆی بەردەوام بۆی دەگەڕا و نەیدەتوانی واز لەو کەللەڕەقییەی بهێنێت، بێ ئەوەی تۆزقاڵێک هیوای بە دۆزینەوەی هەبێت... ئەمەیش هەر لێکدانەوەی خۆی بوو، ئەگینا (تیشکان) ڕاستە وازی لەوە هێنابوو بە دوایدا بگەڕێت، بەڵام لای هیچ کەسێک نەیگوتبوو باوەڕی وایە ڕۆژێک لە ڕۆژان چاوی پێی دەکەوێتەوە، بگرە ئەو بە هیچ شێوەیەک ناوی نەدەهێنا... هەتا ئەگەر میوانەکانیش باسەکەیان بهێنابووایە گۆڕێ، ئەو خێرا دەرگای باسێکی دیکەی دەکردەوە و نەیدەهێشت لەوە زیاتر لەسەری بڕۆن......

ڕۆژێکیان لە قەڵات دەهاتە خوارێ و زۆر ماندوو بوو، بەوەی بە درێژاییی ڕۆژ لە کچەکەی گەڕابوو، ڕێی کەوتە ئەو کازینۆیە... سەرەتا چەند جارێک گوتی:

ــ ئای گوڵباران، گوڵباران...!! ئای گوڵباران، گوڵباران...!!

دەمودەست (یەڵدا)ی شاگرد لە بەردەمی قوت بووەوە و بە گوێچکەیدا چپاند:

ـ لێرە گۆرانی قەدەغەیە، بە تایبەتی گۆرانیی گەوران، بۆیە دەبێت بێدەنگ بیت.
سەری هەڵبڕی و پێی گوت:
ـ گۆرانی ناڵێم، ڕۆڵە... کچەکەم ناوی گوڵبارانە و ون بووە.
ئەگەرچی (یەڵدا) دەیویست دەمکوتی بکات، بەڵام لەوە دەچوو ئەو هەواڵەی بە لاوە سەیر بێت، یان ڕەنگە ناوی (گوڵباران) سەرنجی ڕاکێشا بێت، بۆیە بە چپە لێی پرسی:
ـ تەمەنی چەندە...؟
ـ گەورەیە... بیست ساڵە.
ـ نابێت باسی هیچ شتێکی گەورەیی بکەیت... ئەمە کازینۆی منداڵانە.
ئەوسا گوتی:
ـ هێندە نابێت منداڵێکیشم مردووە... نابێت باسی ئەویش بکەم...؟!
ـ نا، نابێت... ئەمەیش هەر بە گەورەیی ڕووی داوە.
لەو کووپەیەی لای سەرووی کازینۆکەی ڕوانی، کە تک تک دڵۆپەئاوی سازگاری لێ دەتکایە ناو قاپەکەی ژێری... گریان قورگی گرت و گوتی:
ـ ئاخر تایەکی گەرمی لێ هاتووە و دوای چەند ڕۆژێک لە ناوەڕاستی حەوشە مردووە... بۆم دەرکەوتووە تینوێتی زۆری بۆ هێناوە و هاتووە لەوێ ئاو بخواتەوە، بەڵام دەستی نەکەوتووە و خنکاوە... ئێ هەر وا نییە...؟! مرۆڤ کاتێ تای گەرمی لێ دێت، تینووی نابێت...؟! دەم و قورگی وشک نابن...؟! ئەرێ چاوەڕێ ناکات یەکێ دەستێک بە پشتیەوە بگرێت، تاکو نەکەوێت و بە دەستەکەی تری ئاوی ساردی بداتێ...؟!
ـ لە بیر خۆتی ببەرەوە...!! ئەگەر خوشکێک یان برایەکت بە منداڵی مردووە، دەتوانیت باسیان بکەیت.
ـ من خوشکوبرام هەر نەبووە... تاقانەم، تاقانە..!!
(یەڵدا) هێشتا هەر بە چپە قسەی لەگەڵ دەکرد:
ـ گوێ بگرە...!! دەزانم ئەوە یەکەمجارتە دێیتە ئێرە و هێشتا شارەزای یاساکان نیت، بەڵام ئەگەر لە دڵی خۆیشتدا بیر لە گەورەیی بکەیتەوە، من ناچارم دەرتبکەم.
بەڵێ، ئەوە یەکەمجاری بوو لە کازینۆ دابنیشێت، بەڵام شەیدای سینەما بوو... بەر لەوەی هۆڵی سینەمایش لە هەولێر دروست بکرێت، بە مەبەستی بینینی فیلم، لەگەڵ (تیشکەشان) دەچووە موسڵ و بەغداد... ڕاستییەکەیشی (تیشکەشان) ئەوی فێر کرد، بەوەی ماڵی پووری لە بەغداد بوو و لەگەڵ ئەوان چووبوو.......
(تیشکەشان) چ لە کاتی ونبوونی کچەکەی و چ ئەو ڕۆژەی کوڕەکەیشی مرد نەیویست لە بەرچاوی ئەودا یەک دڵۆپ فرمێسک بڕێژێت، نەوەکا لە کاتی گریاندا ڕووی بکەوێتە لای و وا بزانێت هەستی خۆیی بۆ دەردەبڕێت و ........، بۆیە بە دزی و بێدەنگ ناخی خۆی دەخواردەوە... (مامۆستا سوهاد) هەرگیز لەوەیش تێنەدەگەیشت، ئەگەر ئەو نەیدەویست قسەی لەگەڵدا بکات، ئەی خۆی بۆ شتێکی لەگەڵ نەدەگوت... هیچ نەبووایە لێی بپرسیایە ئەو بێدەنگییەی لەبەر چییە و چ قسەیەکی لە دڵ گرتووە... پێشتر هەر ئەوەندەی دەزانی ئەوان لەوەدا جیاوازن، کە ئەم خۆی حەز لەو شتانە دەکات ببریسکێنەوە و ئەو بە پێچەوانەوە ڕقی لە هەر شتێکە بدرەوشێتەوە، بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ئەمەیان بە یەکتر گوتبێت، تەنانەت (تیشکەشان) ڕۆژی بووکێنییەکەیشی ئاگای لەوە بوو مووروویێک



بە خۆیەوە نەکات بدرەوشێتەوە... نە زێڕی کڕی و نە زیو، بەڵکو ئەڵقە، ئەموستیلە، بازن و ملوانکەیشی لای وەستایەکی شارەزا بە کردن دابوو، کە بە هیچ شێوەیەک نەدرەوشێنەوە... لەمەیاندا (شادیناز)ی پووری، واتە خوشکی بچووکی دایکی، کە ژنی ئەفسەرێکی گەورە بوو لە بەغداد، بۆی مەیسەر کردبوو... هەر ئەویش فستان، پێڵاو و دەستکێشی توولی وای بۆ هەڵبژاردبوو، کە لەژێر هیچ ڕووناکییەکدا، با زۆر بەهێزیش بووایە، نەدەدرەوشانەوە... خۆ ئەمەیان هەرگیز بە دڵی (سوهاد)ی حەڤدەساڵان نەبوو، بەڵام بە چاکی نەدەزانی لەبەر ئەو شتە شەوەکە لە خۆی تێک بدات، بە تایبەتی یەکەمجاری بوو ئاوا بە ڕاستی لەگەڵ ژن بچێتە ناو جێ، لە کاتێکدا دەیزانی (تیشکەشان)ی بیستوحەوتساڵان لانی کەم ئەزموونی لەگەڵ سێ پیاوی دیکەدا هەیە... ماوەیەکی زۆریش وەک کوڕێکی هەرزەکار مامەڵەی لەگەڵدا کردبوو، بەوەی ئەم دوای دەوامی قوتابخانە لەناو بێستان و باخە فرەوانەکەی ئەواندا بەردەستیی باپیرە باخەوانەکەی دەکرد و مانگانەیەکی کەمیان وەردەگرت... نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو زوو زوو نامە و هەواڵی بۆ دۆستەکەی پێدا دەنارد... ڕاستییەکەیشی ئەگەر ئەو دۆستەی ناپاکیی لێ نەکردایە، ئەوا بێگومان شووی سێیەمی بەو دەکرد و مەحاڵ بوو بە (سوهاد)ێکی بێکەس ڕازی ببێت، کە نە پلەوپایەی بەرزی هەبوو و نە بیریشی لە ژیانی هاوسەرگیری کردبووەوە، هیچ نەبێت لەو تەمەنە زووەدا... ئیتر ئەمە وای کردبوو (سوهاد) تا ئەو کاتەی بە جلی بووکێنییشەوە لە باوەشی بگرێت، هێشتا هەندێک شەرمی لێ بکات... ڕەنگە باشتر بێت بگوترێت خۆی لە ئاستی ئەودا بێهێز دەبینی... ئەوەندە هەیە ساتێ ئەو نەیویست لەو سەربانە و لەژێر تریفەی مانگی چواردەدا خۆی ڕووت بکاتەوە، بێ ئەوەی پێی بڵێت نایەوێت گیانی بدرەوشێتەوە، (سوهاد) سوور بوو لەسەر ئەوەی هەر لەوێ ئاوێزانی ببێت و بەو پەنجە بزێوانەی یەک لە دوای یەک جلەکانی دابکەنێت و ئینجا ملوانکە، گوارە و ئەموستیلەیشی لەو جەستە ڕووتەی بکاتەوە... ئەوسا (تیشکەشان) بەو مەرجە ڕازی بوو بۆی پاڵ بکەوێت، ئەگەر لێفە بە خۆیاندا بدەن... هەر دوای سێ چوار تەکان ئەو لێفە لووسە ترازا و جەستەی ڕووتیان دەرکەوت... (سوهاد) ئەوەی بە هەل زانی و هونەرمەندانە جێگۆڕکێی بە شوێنەکان کرد، بەو مەبەستەی ئەو بخاتە سەرەوە... ئەوسا لەژێرەوە سەرنجی لە قژی درێژی دەدا، کە بە لای سووردا دەیڕوانی و دیمەنەکەی ئاوی چاوی دەبرد... مەمکی چەپیشی وەک کەناریی سەر جۆلانەی ناو قەفەزی نایاب دەلەرییەوە و ڕەونەقی دەدا... بەردەوامیش ئەوەی دەهێنایە بەرچاوی خۆی، کە ئەوەی وا بەرزی کردووەتەوە و خستوویەتیە حاڵەتی ورووژانەوە، ئەوەی وا لیک بە لێویدا دێنێتە خوارێ و موچوڕکی پێدا دەهێنێت، پێشتر جارێک ژنی بازرگانێکی بەناوبانگ، جارێک ژنی ئەفسەرێکی گەورەی پۆلیس و جارێکیش دۆستی گەنجێکی قۆزی ڕۆشنبیر بووە... نەیدەتوانی لە ناخەوە شانازی بە خۆیەوە نەکات... ئەو لیکە بەردەوام لە دەمی (تیشکان) دەڕژا... لە چلوورەی گوێسەبانان، یان لە زریزەی باریکی زێڕین دەچوو... بۆ سەر دەموچاوی ئەو شۆڕ دەبووەوە... لەژێر تریفەی مانگدا دەدرەوشایەوە... حەزی دەکرد تا تینی تێدایە بقیژێنێت و هەموو شار لەو خۆشییەی خۆی ئاگادار بکاتەوە... هەر بە ڕاستی دەترسا بەرگەی ئەو ئارەزووە سەیرە نەگرێت و پڕ بە دەنگی بقیژێنێت،

بەڵام کاتێ گیانیان خاو بووەوە و لەسەر پشت ڕوو لەو ئاسمانە بێگەردە ڕاکشان، هەستی دەکرد وا دەمرێت... خۆیشی لەوە تێنەگەیشت بۆچی لەپڕ بۆی دەرکەوت مردن وا لەنێوان خۆی و ژنەکەیدا پاڵ کەوتووە... هەموو ڕابردووی دەهاتەوە بەر چاوی، تەنانەت ئەو ڕۆژانەیش، کە هەرگیز لە کاتی ئاساییدا بیری نەدەکەوتنەوە، بگرە هەر نەیدەزانی ڕۆژی وای لە ژیاندا هەبووە... ئاخر هەندێکیان هیی ئەو کاتە بوون، کە تەمەنی نەدەگەیشتە چەند مانگێک و وێنەی هەر ساوایەکی تر دەخرایە بێشکەوە... واتە هێشتا لە گەڕەکی سابوونکەرانی سلێمانی باوکی لە ژیاندا مابوو و دایکی جێی نەهێشتبوو... دڵی بە هەموویان دەسووتا... قوڵپی گریان قوڕگی گرت... لەرزێکی سەیری لێ هات، بەڵام نەیدەتوانی (تیشکان) لەو حاڵەتە سەیرە ئاگادار بکاتەوە... دەیویست وەک منداڵ خۆی بخاتە باوەشیەوە و دەموچاوی لەژێر قۆڵە بەهێزەکانیدا بشارێتەوە... ئینجا قژی درێژی بهێنێتە پێشەوە و شانە ڕووتەکانی پێ دابپۆشێت، بەڵام لەوە دەترسا ئەوێکی وریا و زۆرزان هەست بەو لەرزین و دڵەکوتێیەی بکات، کە ئەمە تەنیا مانای ئەوەیە ئەو هێشتا منداڵە، چونکو ئەو حاڵەتەی بە کەمێک جیاوازییەوە لە منداڵی بۆ دەهات... ئەوسا هیوای دەخواست لە باوەشی ژنێکدا خۆی گرمۆڵە بکردایە و مژی لە گۆی مەمکەکانی بدابووایە... هاوکات هەستی دەکرد (تیشکەشان) وا دەزانێت فێڵی لێ کردووە و لەو هەڵسوکەوتەی تووڕەیە، بەوەی ئەو حاڵەتی ورووژان و ئاڵۆشییەی ئەوی قۆزتەوە و ڕووتی کردەوە، بۆ ئەوەی گیانی لە بەر تریفەی مانگدا بدرەوشێتەوە، ئەگەرچی ئەو دەستە ناسکەکانی خستبووە سەر ئەم مەمک و ئەو مەمکی و جار جار پێی دەگوت:

_ کورە تۆ چەند بڵێی شیرینی، سوهە...!! من وا بیر لە ئاییندەی خۆمان دەکەمەوە... زۆر شتی سەیرم دێنە بەرچاو، کە ئاسان نییە بە وشە دەریانببڕم.

(سوهاد) زوو زوو لە دڵی خۆیدا دەیپرسی: ((ئایا سبەینێ کاتێ بۆ باری ئاساییی خۆی دەگەڕێتەوە، تووڕە نابێت...؟! ئایا ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی تیشکان خۆشی نەوێم و درز بکەوێتە پێوەندییەکەمانەوە...؟!))... هەر خۆیشی وەڵامی خۆیی دەدایەوە: ((نا، باوەڕ ناکەم ئەمە گرفتێکی گەورە بێت))... دواییش کاتێ ئەو بێدەنگییەی نێوانیان هاتە کایەوە، جار نەبوو لە دڵی خۆیدا نەڵێت: ((نا، نابێت لەبەر ئەو هۆکارە ئەو نەیەوێت لەگەڵم بدوێت، بەڵام خۆ دەبێت شتێک دڵی ئازار دابێت))... بەوەدا لەسەر یەک تەختی ساج دەخەوتن، شەوان گوێی لە وڕێنەکانی دەگرت، بەشکو لەو وشە نارێک و ڕستە هەڵبزرکاوانەیەوە سەرەداوێکی دەسگیر ببێت و بە دوایدا بچێت، بەڵام هیچ شتێکی وا ڕۆشنی لێ نەدەبیست، کە تەعبیر لەو تۆرانەی بکات... ڕۆژانەیش کاتێ بە دەم ئیشوکاری ماڵەوە قسەی دەکرد، یان گۆرانیی دەچڕی، ئەو هەستی لە خۆی دەبڕی و گوێی بۆ دەنگی هەڵدەخست، کە ئەو پێش ئەوەی شوویشی پێ بکات، لە ماڵی دایکوباوکی بەوە ناسرابوو بەردەوام و بە دەنگی بەرز گۆرانیی دەگوت و لای ئەویش وازی لەو خووەی هەر نەدەهێنا، تەنانەت (دادە ئەنتوانێت)ی دایکی دەیگوت مێردی دووەمی هەر لەبەر ئەو هۆیە تەڵاقی داوە، گوایە لە بەرچاوی میوانەکان گۆرانیی گوتووە، لە کاتێکدا ئەو لە خانەوادەیەکی کۆنەپارێز بووە و خزم و کەسەکانی ئەمەیان وەک ڕیسوابوونێک بۆ لێک داوەتەوە... بێگومان (دادە



ئەنتوانێت) لەگەڵ ئەوەیشدا ژنێکی وریا بوو و سەری لە زۆر شت دەردەچوو، بە تایبەتی ئەگەر ئەو شتانە پێوەندییان بە کاروباری باخ و بێستان، نیگارکێشان، ڕێکخستنی ناوماڵ و هەڵسەنگاندنی هەڵسوکەوتی خەڵکەوە هەبووایە، بەڵام نەیدەزانی ئەو کوڕە باخەوانە ئاگای لە هەموو نهێنییەکانی کچەکەی هەیە و هەرگیز ئەوە هۆکاری جیابوونەوەی نییە لەگەڵ مێردی دووەمیدا، هەرچەند نکوڵی لەوە نەدەکرا (تیشکەشان) بەردەوام گۆرانیی دەچڕی و مێردە تووڕە و کەمدووەکەیشی زوو زوو ڕەخنەی لێ دەگرت، بگرە بە قامچی لێیشی دەدا، ئەگەرچی ئەو هەمیشە بەرگری لە خۆی دەکرد و بەو زمانە ڕەوانەی بەرپەرچی دەدایەوە، بە ڕادەیەک ئەو نەیدەتوانی وەڵامی یەکێ لە گوتەکانیشی بداتەوە... (سوهاد)ی هەرزەکار چاک دەیزانی، کە ئەگەرچی (تیشکەشان) کاتێ لەگەڵ مێردی یەکەمی بووە، دڵی بەو پیاوەدا چووە و چەند جار هێناویەتیە سەر تەختی نووستنەکەی، تا کار بەوە گەیشتووە ئەو گومانی لێ بکات و ئەنجام لێیشی جیا ببێتەوە، بەڵام ئەو سەرزلە لووتبەرزە، کە دوای ئەوەی لە ماڵەوە جلەکانیشی دەگۆڕی، هێشتا وەک ئەفسەر هەڵسوکەوتی دەکرد؛ هەرگیز نرخی ئەو ژنە ناسکەی نەزانیوە... هیوای دەخواست تەمەنی لەوە گەورەتر بووایە و بیتوانیایە دڵی (تیشکەشان) بە لای خۆیدا ڕابکێشێت و ئەو مێردەی و دۆستە قۆزە ڕۆشنبیرەکەیشی لە بیر بباتەوە... ڕۆژگارێک لەناو یەک ماڵدا بژین و بەردەوام گۆرانیی بۆ بچڕێت... ئینجا بە ڕاستی دەنگیشی خۆش بوو، بە تایبەتی کاتێ گۆرانییەکە میلۆدیی خاوی هەبووایە... ئیتر بەردەوام دەیچڕی و ئاگای لە دەوروبەری دەبڕا... لە کوردییەوە بۆ عەرەبی و لەوێوە بۆ تورکمانی...

(مامۆستا سوهاد) دەبووایە هەموو وشەکانیان لێک بداتەوە، بەو هیوایەی ڕۆژێک لەو ڕێگایەوە بگاتە ئەنجامێک و بزانێت ئەو ژنەی بۆ تۆراوە، ئەگەرچی لای ڕوون نەبوو، ئاخۆ کاتێک هۆکاری زیزبوونەکەی بۆ دەردەکەوێت، دەتوانێت چاو ببڕێتە چاویەوە و لەو بارەیەوە قسەی لەگەڵدا بکات، بە تایبەتی دوای ئەوەی چەند ساڵ بەسەر بێدەنگییەکەیاندا تێپەڕیبوو... تەنانەت ئەو کاتەی لەسەر جێگا جووتیش دەبوون، یەک قسەیان پێکەوە نەدەکرد، خۆ ئەگەر بیانتوانیایە نەیاندەهێشت دەنگی هەناسە و هانکەهانکیشیان دەربچێت... ئەوەیش هەر بە تاریکی ڕووی دەدا، چونکە (تیشکەشان) هەر کاتێ بیزانیایە ئەو چووەتە خەوی قووڵەوە، دەرفەتی دەهێنا و خۆیی دەخستە باوەشیەوە... تا چەند ساڵێک پێش ئەوەی جیا ببێتەوە و بە یەکجاری ماڵ جێ بهێڵێت، دەستی لەو خووەی هەڵنەگرتبوو... (مامۆستا سوهاد) سەرەتا وای دەزانی خەون دەبینێت... مڵچ مڵچ مەمکەکانی دەمژی و ئینجا وردە وردە دەمی بۆ لای ملی دەگوێزایەوە، دواتریش لەسەری پاڵ دەکەوت و لێوی دەخستە سەر لێوی... زمانی لە مەڵاشووی گەرمی دەخشاند... تامێکی سەیری دەچەشت... تامی سەیر...؟! بەڵێ، تامی سەیر... جارێکیان، کە هەمووی چەند مانگێک بوو ژیانی هاوسەرگیرییان دەست پێ کردبوو، پێی گوت:

_ من بەم تامە تۆ دەناسمەوە، تیشکان... ئەمە هەر لە تۆدا هەیە... وا هەست دەکەم تامی شتێکە بە منداڵی خواردوومە و بیرم ناکەوێتەوە.

ئەو پاڵێکی پێوە نا... خۆی خستە سەر ئەژنۆ ڕووتەکانی... قژی پەرشوبڵاوی لە ناوەڕاستی سەری کۆ کردەوە و بە تۆقە بەستی... ئینجا پێی گوت:

_ تۆ دەبێت زمانت بەر زمانی زۆری دیکەیش

کەوتبێت، سوهاد، ئەگینا چووزانی تەنیا دەمی من ئەو تامەی هەیە...!!
ئەو سەرنجی لە گیانی دا، کە لەژێر تیشکی لامپا کزەکەدا دەدرەوشایەوە، بە تایبەتی قژی زەردی... سکی بە (گوڵباران)ەوە هەبوو... پێی گوتبوو بۆ ئەوەی بە ئاسانی کۆرپەلەکەی دابنێت و ئازاری زۆر نەچێژێت، کە هەمیشە لەوە دەترسا ژانی تۆبەرەکەی بیکوژێت، ئەوا دەبێت زوو زوو لەگەڵی بخەوێت... نەیدەزانی ئەو قسەیە لە ڕووی لۆژیکەوە ڕاستە، یان هەر خۆی هەڵیبەستووە، ئەگەرچی ئەو زوو زوو کتێبی زانستیی دەخوێندەوە و حەزی لە بابەتی ئەدەبی هەر نەدەکرد... ئەوەندە هەبوو نامە دڵدارییەکانی بە شێوەیەکی زۆر جوان دەنووسی، کە ئەوی مێردمنداڵ کاتێ بۆ دۆستەکەی دەبردن، لە ڕێگا زۆر بە پەرۆشەوە دەیخوێندنەوە و هیوای دەخواست ڕۆژگارێک کچێکی لە شێوەی ئەو هیچ نەبێت چوار دێڕی وای بۆ بنووسێت... هەستی دەکرد بۆیە وا بەچێژن، چونکە ئەو لە ناخی دڵیەوە ئەو وشانەی دەربڕیوە... دەیتوانی لەپشت هەر پیتێکدا دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک و کۆمەڵێک ئاخوئۆف بخوێنێتەوە... هەر بە ڕاستی گوێی لە دەنگی دەبوو... تەزوو بە سەرتاپێی گیانیدا دەهێنا... شلەیەکی سەیر دەڕژایە دەمیەوە... تاڵ بوو، بەڵام کاتێ قووتی دەدایەوە، چێژێکی بێئەندازەی لێ دەبینی... گیانی مێروولەی دەکرد... دەیگوت: ((ئەو ژنە من بەو وشانە دەکوژێت و کەسیش نازانێت... بۆچی ئاوام لێ دەکات، خەڵکینە...؟! فریام بکەون، من وا بۆی شێت دەبم...!!))... وەک زۆر لە کچە دەوڵەمەندەکان ویستوویەتی لە ئاییندە ببێتە پزیشک، بەڵام پرۆژەی شووکردنەکەی بەو بازرگانە ئەو هەلەی لە دەست دەدات، بەوەی مێردەکەی زوو زوو لەگەڵ خۆی بۆ تورکیا، یۆنان و ئیتاڵیای بردووە، کە لەو وڵاتانە قوماش و جلوبەرگی کڕیوە و بۆ شارەکانی کوردستان و عێراقی هێناوە... دەیتوانی ببێتە کارمەند و لە دایەرەیەکی حوکومی کار بکات، بەڵام نەیدەویست، چونکە وەک خۆی دەیگوت ئەو لەو کەسانەیە، کە شتێکیان ویست، ئەوا یان هەر ئەوەیان بێ کەم و زیاد دەوێت، یان هیچیان ناوێت.
(سوهاد) هەوڵی دا شتەکە بخاتە باری گاڵتەوە، چونکە نەدەکرا بۆی بسەلمێنێت ئەو دەمی بەر دەمی هیچ مێیینەیەکی تر نەکەوتووە، بۆیە قسەیەکی پێ گوت، کە ئێستا بە بیری نایەتەوە، بەڵام ئەوەندە دەزانێت لەگەڵی ئاشت بووەوە... بە هەرحاڵ کاتێ لە خەودا زمانی لە مەڵاشووی گەرمی دەخشاند، بە ئاگا دەهاتەوە و دەیزانی ڕاستییە، بەڵام هیچی بۆ نەدەکرا و دەبووایە درێژەی پێ بدات... ئەوەندە هەبوو وازی لەو هانکەهانکە دەهێنا و نەیدەهێشت هیچ دەنگێک لە دەمولووتیەوە بێتە دەرێ... ساتێ گیانی خاو دەبووەوە، لەناو ئەو تاریکییەدا هەستی بە شکستێکی گەورە دەکرد، بەوەی ئەو بە سەریدا زاڵ بووە، مادام نەیهێشتووە ئەو جەستەیەی ببینێت لەژێر تیشکی ڕووناکیدا بدرەوشێتەوە... زۆر جار وای بۆ دەچوو (تیشکان) لەبەر ئەوە نەیدەویست بۆ ونبوونی کچەکەی و مەرگی کوڕەکەی بگریێ، نەبادا فرمێسک لەو چاوە شینانەی بێتە خوارێ و لە بەر تیشکی هەتاودا بدرەوشێتەوە......
هەرگیز جارێک ڕێک نەکەوت ئەم خۆی ئەو لە خەودا بە ئاگا بهێنێتەوە، نە بە تاریکی و نە بە ڕووناکی، بێ ئەوەی لەوە تێبگات بۆچی کارێکی وا ناکات... ئایا هێندەی ئازایەتی تێدا نییە، یان ئەمە بە سووکایەتی دەزانێت بۆ خۆی...؟! زۆر جار هەستی



دەکرد ئەم هەڵسوکەوتەی بە شێوەیەک لە شێوەکان لە هیی مێردی دووەمی دەچێت، بەوەی وەک ئەو نایەوێت ئاشتی بکاتەوە، لە کاتێکدا ئەو هەمیشە لەناو ئەو باخ و بێستانەی لەگەڵ باپیری کاریان تێدا دەکردن، دەیهێنایە بەرچاوی وا پێکەوە لەماڵێکدا ژیان بەسەر دەبەن... هەرگیز دڵی ناشکێنێت... خۆ ئەگەر ساردییەکیش بکەوێتە نێوانیانەوە، ئینجا گرنگ نییە قەبارەکەی چەندە و لە کامیانەوە دەستی پێ کردووە، ئەوا خێرا لە باوەشی دەگرێت، یان با بڵێین خۆی وەک منداڵ دەچێتە ئامێزی و دەمی دەخاتە ناو دەمیەوە، بۆ ئەوەی یەک وشەی بۆ نەگوترێت و نەڵێت خەتای کێ بووە... دوای کەمێک لەناو چیمەنەکە لەسەری پاڵ دەکەوێت و بە پەنجە یاری بەو لێوە سوورانەی دەکات: ((ئاخر خەتای من بێت، یان هیی تۆ، چ جیاوازییەکی هەیە، گیانەکەم...؟! دەسا با خەتای من بێت... خۆت نازانی من شێتم...؟! بمبوورە، قوربانی ئەو قژە زەرد و چاوە شینانەت بم))... نەیدەزانی بۆچی هەمیشە و بێ ئەوەی ئاگای لێ بێت ئەمەی بە دەنگ دەگوت... جارێکیان باپیری سەری بەرز کردەوە و چاوە سوورەکانی تێ بڕی... لێی پرسی:

_ ئەوە لەگەڵ کێتە، سوهە فڵقن...؟! ئەو قژزەرد و چاوشینە کێیە، ئاوا زوو زوو خۆتی بە قوربان دەکەیت، حەرامزادە...؟! من بزانم تۆ داڵغەی بێمانا لێ دەدەیت... کاری خۆت بکە، داماو...!! تۆ ئەگەر بە خەونیش ئەو کچەتیوە نەبینیت، چاکتر نییە ملت بشکێنیت و لە خەیاڵی خۆتی دەربکەیت...؟!

ماوەیەک سەری با دا و ئەمەیشی خستە سەر:

_ لەمەیاندا هەر کتومت لە باوکت دەچیت، بۆیە وا چاکە هەتا گەورە نەبوویت و وەک ئەو لاکەی دیکەی جگەرت داخ نەکردووم، ڕۆژێک بەم خاکەنازە سەرت بپەڕێنم و لەژێر ئەم زەوییەی بنێم.

کاتێ ئەمەی گوت دوور لە خواستی خۆی دەمی خاکەنازەکەی بستێک لەو خۆڵە نەرمەی باخەکە بردە خوارێ، بێ ئەوەی لە قسەکانی بوەستێت:

_ ئەویش ئاوا لە ئاستی ژندا خۆیی بە لاواز و بێهێز دەزانی، هەتا ئەو تیاترۆچییە بەغدادییە سوک و ئاسان لە خشتەی برد و تۆی زۆڵی هێنایە سەر ئەم دنیایە... دواییش وەک نە بای دیبێت و نە باران، ........

تەواوی نەکرد، بەڵام (سوهاد) دەیزانی لە دڵی خۆیدا چی دەڵێت... ئەو ڕقە زۆرەی باپیری لە ژن هەمیشە لای ئەو جێگای نیگەرانی بوو... لەوە دەترسا هەتا ئەو لە ژیاندا بێت، نەتوانێت لە هیچ مێیینەیەک نزیک بکەوێتەوە... زۆر چیرۆکی ڕاستەقینەی لەبارەیەوە بیستبوو... لە تەمەنی هەرزەکاری دوو خوشکی خۆی دەکوژێت، گوایە یەکەمیان لە سەربان بە دەم هەڵخستنی جلەوە چاوە ڕەشەکانی لە دێوەرەیەک داگرتووە و دووەمیان بۆی پۆشیوە... هەر ئەوسا ئەگەر دایکە بێوەژنەکەیان لەژێر چنگی دەرنەهێنایە، ئەوا خوێنی ئەویشی تێکەڵی هیی ئەوان دەکرد... ڕاستییەکەی هەر لە منداڵییەوە ڕقێکی یەکجار گەورەی لە دایکی هەڵگرتووە، بەوەی ڕەنگی چاوی چووەتەوە سەر ئەو، بۆیە بە (خەلۆ چاوسوور)یش بانگ کراوە... ژنێکی دراوسێیان پێی گوتووە دایکی دوای ئەوەی باوکی ژەهرخوارد کردووە، خودا سزای داوە و ڕەنگی چاوی لە ڕەشەوە بۆ سوور گۆڕیوە... ئەوسا ئەمی لە سک بووە، بۆیە ئەو ڕەنگە لە چاوی ئەویشدا دەرکەوتووە، ئەوەتا چاوی خوشکەکانی دەڵێی قەترانن و کاتێ دەیانترووکێنن، ڕەونەق دەدەن... هەر کە گەورە بووە، باوەڕی بەم گوتەیە نەماوە، بەڵام وای بۆ چووە ئەو ژنە شتێکی دیکەی

له دایکی دیوه، که نەیویستووه ئەوی پێ بڵێت و بۆ ئەمەی گۆڕیوه... ئەمه وای کردووه زیاتر ڕقی له ڕەنگی چاوەکانی بێت و وا بزانێت کچان قێزی لێ دەکەنەوه... به ڕقەوه لێی دەڕوانن و خۆیانی لێ دوور دەگرن... سەیر ئەوەیه (مەیسوون)ی پووررزای، که دوای مردنی دایکوباوکی له ماڵی ئەوان ژیاوه، لەبەر ئەو چاوه سوورانەی خۆشی ویستووه، بەڵام چونکه دایکی پێی گوتووه بیکاته هاوسەری خۆی، ئەوا هەمیشه به گومانەوه لێی ڕوانیوه، بگره وای زانیوه دەیەوێت فریوی بدات... نیازی وایه دەست بەسەر سامانەکەیدا بگرێت و دوای هەتیوێک بکەوێت... سەیر ئەوەیه له دڵەوه ئەو کچەی خۆش ویستووه و هەمیشه لەوه ترساوه شوو به کوڕێکی تر بکات، به تایبەتی کاتێ زانیویەتی زۆربەی نێرینەی قەڵات و هیی گەڕەکەکانی خوارێ شێتی بوونه و ویستوویانه به هەر شێوەیەک بێت لێی نزیک ببنەوه... ڕۆژانه بۆ خوازبێنی هاتوونەته لای دایکی، بەڵام ئەو دەستی به ڕوویانەوه ناوه و پێی گوتوون بۆ کوڕی خۆیی داناوه... چەند جارێک شەڕی خوێناویی لەسەر کردووه، تەنانەت یەکێ له هاوڕێ هەر نزیکەکانی داوەته بەر بۆکس، تەنیا لەبەر ئەوەی بەیانییەک قاچی لەسەر شەختە خلیسکاوه و کەوتووه، ئەم دەستی گرتووه و هەڵیگرتووەتەوه... لەو هەسته دووفاقییەی خۆی تێنەگەیشتووه و تێنەگەیشتووه... هەرچۆنێ بێت بڕیاری داوه ژیانی لەگەڵ پێکەوه بنێت، بەڵام چەند ساڵێک دوای ئەوه به نووکی خەنجەر ناوگەڵی هەڵدەدڕێت و تەرمی خوێناویی لەسەر قەڵاتەوه فڕێ دەداته خوارێ، بۆ ژێر قاچی ئەو حەشامەتەی بازاڕ... بڕیاریش دەدات هەرگیز بیر له ژنێکی تر نەکاتەوه... (سوهاد) زۆر جار ئەو ڕووداوەی له خەڵک بیستووه، بەڵام بێگومان ئەوەی چەرچییەکه گێڕاویەتیەوه له هەموویان کاریگەرتره و شەوانی منداڵی، پێش خەوتن، هەمیشه هێناویەتیەوه بەرچاوی... ئەو پیاوه ڕەوەیەک مانگای پێش خۆی داوه و به دامێنی قەڵاتدا دەڕوات... هەر کاتێک دەزانێت وا تەرمێک لەو بەرزاییەوه تلۆر دەبێتەوه... واقی وڕ دەمێنێت... تەرم شڵڵڵڵپپپپ دەکەوێته خوارێ... خوێنی لێ دەچۆڕێتەوه... مانگاکان به بینینی ئەو دیمەنه شێتوهار دەبن... تێکڕا دەبۆڕێنن... کلکیان دەخەنه سەر پشتیان و لەسەری هەڵدەبەزنەوه، تاکو لەتوکوتی دەکەن و پارچەکانی بەو خاکەوه دەنووسێنن... لەمەوه (خەلۆ چاوسوور) وەک یەکێک له ژنکوژه بەناوبانگەکانی شار ناسراوه... خەڵک هەموو سڵی لێ دەکەنەوه و خۆیان له گێچەڵەکانی دەپارێزن... هۆکاری کوشتنەکەی (مەیسوون) بەم شێوه دەگمەنه، که دایکی کوڕێکی چواردەساڵان بووه، ئاوا بیستراوه، گوایه ئەو لەسەر گوشێکی گەوره به دەرزی و خوریی ڕەنگاوڕەنگ وێنەی کۆمەڵێک ئاژەڵی نەخشاندووه له دیواری داوه، که پێشتریش کاری وای کردووه و دەستڕەنگینییەکەی لەو بوارەدا دەنگی داوەتەوه، به ڕادەیەک بووەته جێگای سەرسووڕمانی خەڵک و دیواری زۆر لەو ماڵانەی شار به نەخشەکانی ئەو ڕازێنراونەتەوه، بەڵام ئەمجارەیان، ئاگای لێ بووبێت، یان نا، چاوی ئاژەڵه بەهێزەکانی ڕەش و هیی بێهێزەکانی سوور کردووه... لەمەوه (خەلۆ چاوسوور) وردتر مانای نەخشەکانی لێک داوەتەوه و بۆی دەرکەوتووه ئەو ژنەی لەگەڵی ناپاکه... به نیازه لەم نزیکانه لەگەڵ کوڕێکی چاوڕەشدا بڕوات و ئەم شاره جێ بهێڵێت، بگره مەبەستیەتی هەموو عەیبوعار و نهێنییەکانی دەربخات و ڕیسوای بکات...



هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوەدا (مەروان)ی کوڕی، کە هەرزەکارێکی خوێنگەرمە، نایەوێت دوای کوژرانی دایکی لەگەڵ باوکێکی ئاوادا درێژە بە ژیان بدات و سەر هەڵدەگرێت... بە ڕێککەوت بووە یان چۆن، ئەو دوو پیاوەی کاروباری بازرگانیی باوکیان لە ئەستۆ گرتووە، لە یەکێ لە خانەکانی بەغداد بینیویانە، کە لەوێ بووەتە حەماڵ... زۆر هەوڵیان لەگەڵ داوە بیهێننەوە، بەڵام ئەو ڕازی نەبووە چارەی باوکی ببینێتەوە... پێی گوتوون با لە زمانی ئەوانیشەوە بزانێت ئەوە کوڕە حەماڵەکەی ئەو فەردانەی بۆ بار کردووە... ئەگەر ئازایشە، دێت و دەیباتەوە... ئیتر لەمەوە (خەلۆ چاوسوور) شوێنی کوڕەکەی پێ زانیوە... ئەوسا بە ڕاستی هەستی کردووە لەگەڵ کێشەیەکی زۆر گەورە ڕووبەڕوو بووەتەوە... کارەکە زۆر لەوە ئەولاترە، کە تەنیا سەرهەڵگرتن بێت، بەڵکو ئەو زۆڵە دەیەوێت ململانێی لەگەڵدا بکات و ئەنجام چاوی بشکێنێت... چەند جارێ ویستوویەتی بچێت بیهێنێتەوە و بە پەنجە ئەو چاوە ڕەشانەی دەربهێنێت، کە هەمیشە بە گومانەوە لێی ڕوانیون و هەستی کردووە لەپشتیانەوە دنیایەک ڕیسوایی و سەرشۆڕی خۆیان بۆ مەڵاس داوە، بەڵام ڕێگای دانەگرتووە... دەڵێن زۆر لە سەفەر ترساوە، چونکە بە منداڵی قەرەجێک ناولەپی بۆ خوێندووەتەوە و پێی گوتووە لە هەموو تەمەنیدا یەک سەفەر دەکات، ئەمەیش دوا سەفەریەتی و هەرگیز ڕوو لەم شارە ناکاتەوە، هەر بۆیە نەیویستووە درێژە بە پیشەی باوک و باپیرانی بدات، کە لە کاری بازرگانی زیاتر بە لای شتێکی دیکەدا نەچوونە... بە مانایەکی تر خۆی سەفەری بۆ هیچ لایەک نەکردووە، بەڵکو ئەو سامانە زۆرەی، لە باوانیەوە بۆی ماوەتەوە، خستوویەتیە ناو دەستی ئەو دوو پیاوە زیرەک و وریایەوە، بەو مەبەستەی ئەوان ئیشی بۆ بکەن و هەقی ماندووبوونی خۆیانی بە زیادەوە لێ وەربگرن، ئەگەرچی دایکی بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوەدا نەبووە متمانەیان پێ بکات... ڕاستییەکەی چ بە منداڵی و چ بە گەورەیی زۆر جار هەوڵی داوە خۆی لەو تەلیسمە ڕزگار بکات و باوەڕ بهێنێت، کە پێشبینیی ئەو قەرەجە شتێکی پووچە و ئەو دەتوانێت وەک هەر کەسێکی دیکە سەفەر بکات، بەڵام هەر ئەوەندە ئاوەدانیی بڕیوە و گەیشتووەتە چۆڵەوانی، ئیتر خۆی لە دنیایەکی ترسناکدا بینیوەتەوە... ئەو دەشتەی لێ بووەتە جەنگەڵێکی تاریک و سەدان ئاژەڵی دڕندە و مرۆڤی سەیروسەمەرە هاتوونەتە بەرچاوی، کە گلێنەیان بریسکاوەتەوە و نەیتوانیوە خۆی لەبەر ئەو تیشکە بەهێزەیان ڕابگرێت... کاتێکیش بەو ترسەوە گەڕاوەتەوە شار، ماوەیەک لە جێدا کەوتووە... ڕاستییەکەی هەر لە بیریشی نەماوە چۆن و بە چ شێوەیەک گەڕاوەتەوە، چونکە تەنیا ئەوەندەی زانیوە وا لەژێر لێفە هەڵدەلەرزێت... تای گەرمی لێ هاتووە و وڕێنەی کردووە، بەوەی هێشتا هاتوونەتەوە بەرچاوی و دەنگیان لە گوێچکەیدا زرینگاوەتەوە... زۆر ڕێگای تاقی کردووەتەوە، بەڵام هیچیان سەریان نەگرتووە و ئەو ترسەی هەر نەشکاوە... بە شەو چووبێت، یان بە ڕۆژ، ساڵ لە هەر وەرزێکدا بووبێت، هەوڵەکانی هەمان ئەنجامیان هەبووە... نەشیویستووە کەس لەگەڵ خۆی ببات، چونکە ترساوە بە نهێنییەکانی بزانن... ڕاستییەکەی بە پلەی یەکەم زەندەقی لەوە چووە تەنانەت نزیکترین کەسی بزانێت ئەو حاڵەتەی هەیە، بەڵام ئەو کوڕە زۆڵەی لە کوێ ئەمەی زانیوە، وا لە دژی بە کاری هێناوە...؟!... بەردەوام ئەو پرسیارەی لە خۆی کردووە و وەڵامی داوەتەوە: ((هەر دەبێت

دایکی پێی گوتبێت))... لەمەوە زیاتر لای ڕوون بووەتەوە (مەیسوون) مەبەستی لەو نەخش و هێڵکارییە هەر ئەوە بووە... ئەو هەموو گیاندارە چاوڕەش و چاوسوورە ئەمەی لە پشتەوە بووە... ئەو خەڵکە سەیروسەمەرەیەی دەموچاویان لەناو تەمدا گوم بووە، تەنیا مانای ئەوەی گەیاندووە، کە بەو نهێنییەی زانیوە... ڕەنگە گوێی لە وڕێنەکانی گرتبێت و سەرتاپێی شتەکانی بۆ دەرکەوتبێت... ئەو چاوڕەشە لووتباریکەی، هەمیشە بۆ مەکر و ناز تاڵێک لەو قژە خاوەی هێناوەتە سەر چەناگەی، تاکو بە فوو بیلەرێنێتەوە و لچولێوی بە شێوەیەک پێشان بدات، وەک بڵێی یەکێک ماچ بکات؛ توانایەکی سەیری لە خوێندنەوەی ناخی خەڵکدا هەبووە... لە دوورەوە زانیویەتی ئەوان بیر لە چی دەکەنەوە، چجای مێردی خۆی، کە لە هەموو کەس زیاتر لێوەی نزیک بووە... جارێکیان، پێش ئەوەی بڕیاری ئەوە بدات (مەیسوون) بخوازێت، هەر لەناو جێگا شتێکی سەیری بە خەیاڵدا هاتووە، کە بە ڕاستی ئەمە بیرۆکەیەکی زیرەکانە بووە و بەشێکی زۆری ئەو ترسەی هەناوی ڕەواندووەتەوە... گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی ئەو ئەگەر توتکەسەگێک ڕابگرێت و بە چاکی ڕایبهێنێت، ئەوا لەگەڵ خۆی بۆ سەفەری دەبات و ئەو دیمەنە ترسناکانە نایەنە بەرچاوی... پیاوێکی دۆزیوەتەوە، کە شارەزاییەکی بێوێنەی لە بەخێوکردنی سەگدا هەبووە... کابرا لێی پرسیوە:

_ بۆ چیتە...؟! بۆ شەڕەسەگ...؟! بۆ پاسی ماڵ...؟! بۆ ڕاو...؟! بۆ چی...؟!

لە ڕووی نەهاتووە پێی بڵێت بۆ چ مەبەستێک دەیەوێت سەگ ڕابگرێت... نەیتوانیوە بڵێت بۆ ئەوەیەتی شەڕی ئەو ئاژەڵە دڕندانەی پێ بکات و ئەو مرۆڤە ترسناکانەی لێ دوور بخاتەوە، کە لەو دەشتە پەیدا دەبن و ڕێگای سەفەری لێ دەگرن، لە کاتێکدا ئەو بۆ سەفەر سوێی بووەتەوە، بەڵکو گوتوویەتی یەکێکی دەوێت هەموو ئەمانە و زۆری تری پێ بکرێت... پیاوەکە پێکەنیوە، بەوەی یەکەمجار بووە کەسێک داوایەکی ئاوای لێ کردبێت، بەڵام گوتوویەتی:

_ لێت تێدەگەم... دەزانم چیت دەوێت... من توتکەسەگێکت دەدەمێ، هێندە زیرەک و وریا بێت، بە قەدەر کەسێکی نزیکی خۆتت خۆش بوێت.

ئینجا هەر بە ڕاستی (دێوبەزێن) نەک هەر لە قەڵات، بگرە لەو گەڕەکانەی خوارەوەیش دەنگی داوەتەوە، بێ ئەوەی کەس زانیبێتی ئەو ناوە سەیرەی بۆ لێ ناوە... هەرگیز باوەڕی نەکردووە ڕۆژێک دێت ئاوا دەبێتە خاوەنی سەگێکی هێندە دڕ و زۆرزان، بە ڕادەیەک لەو منداڵەی زیاتر خۆش دەوێت، کە ئەوەتا بۆ یەکەمجار لەناو سکی (مەیسوون)ی ژنیدا دەجووڵێت... ڕاستییەکەیشی (دێوبەزێن) ئەو دڵنیاییەی پێ بەخشیوە، کە بڕیاری ژنهێنان بدات، ئەگینا نە قسەی دایکی لە گوێ دەگرت و نە ئەو هەموو گومانەیشی لە دڵدا دەڕەوییەوە، کە لە ئاستی (مەیسوون)دا هەیبوو... ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هۆگری (دێوبەزێن) بووە و هەستی کردووە پێی کراوەتەوە... هەر جارێ ناوی هێناوە، پتر دەروونی ئارام بووەتەوە... تەواو، ئیتر دەتوانێت بە پاڵپشتی (دێوبەزێن)ی خۆی بۆ هەر لایەک پێی خۆش بێت، سەفەر بکات... پیاوەکە چەند ڕێنوێنییەکی کردووە: نەهێڵێت برسیی ببێت، بەردەوام گۆشتی بداتێ، ڕێگای نەدات خواردنی دەستی هیچ کەسێکی تر بخوات، هەرگیز بۆ گاڵتەیش لێی نەدات، یان بەسەریدا هاوار نەکات، با هەمیشە پەتی لە مل بێت، بەڵام نەکا، نەخێر بە هیچ شێوەیەک شتی وا نەکات،



به دوای خۆیدا ڕایبکێشێت، چونکه هەستی دەشکێت و جورئەتی نامێنێت، هەروەها کاتێ پەلاماری کەسێک دەدات، ئینجا گرنگ نییە ئەو کەسە کێیە، ئەو دەبێت دەستبەجێ بە پارچە گۆشتێکی باش خەڵاتی بکات... هەموو ئەوانەی بە وردی جێبەجێ کردووە، تاکو گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی دەتوانێت بە دڵنیاییەوە ڕوو لەو دەشتە بنێت... نەخێر، دیسان بە ترس و لەرزەوە گەڕاوەتەوە و (دێوبەزێن) یش بە دوایەوە... بەستوویەتیەوە و بە تێلا تێی کەوتووە... نە نان و نە ئاوی داوەتێ... نەیهێشتووە (مەیسوون)یش شتێکی بخاتە بەردەم... دوای نەمانی (دێوبەزێن) نەیتوانیوە یەک جاری تر بچێتە سەر جێگای ژنەکەی، بگرە نە ئارەزووی دەستبازیی ماوە و نە شەبزووزیشی هەستاوە، تەنانەت بە زەحمەت میزیشی بۆ کراوە، بەوەی هەر کاتێ ویستوویەتی لەناو دەرپێی دەربهێنێت، دەستی لەرزیوە و چاوی کەوتووەتە ڕەشکەوپێشکە... ئازارێکی گەورە لە میزەڵدانی سەری هەڵداوە و خێرا گەیشتووەتە دڵی... ئەنجام وەک منداڵ بە خۆیدا کردووە... ئیتر هیوای نەماوە لەو تەلیسمە ڕزگاری ببێت... نەخێر، مەحاڵە دەرەوەی شار ببینێت... کوڕە لاسار و سەرەڕۆیەکەیشی هەر ئەو هەلەی قۆزتووەتەوە و خۆی لە بەغداد توند کردووە، کە زانیویەتی هەرگیز ڕێگا دانەگرێت بە شوێنیدا بێت و بیباتەوە... ئەوەتا گوتوویەتی: ((ئەگەر ئازایە، دێت و دەمباتەوە))... بەم شێوەیە (خەلۆ چاوسوور) ویستوویەتی بەردەوام لە ڕێگای ئەو دوو پیاوەوە ئاگای لە هەواڵی بێت، بۆ ئەوەی ڕۆژگارێک چەند کەسێکی جەربەزە بە کرێ بگرێت و بۆی بهێننەوە... ئەوان وەک سیخوڕ بە دوایەوەن و دەزانن (مەروان) ڕۆژانە چی دەکات، بۆ کوێ دەچێت، لە چ خانوویێک نیشتەجێیە و هاوڕێ و ناسیاوەکانی کێین... هەموویانی پێ دەگەیەنن، کە بۆ هەر یەکێ لەمانە پارەی زۆری لێ دەستێنن... (مەروان) ماڵێکی ناسیوە و لەگەڵ (گوڵهەتاو) ی کچیان پێوەندیی خۆشەویستیی هەیە... ژیانی هاوسەرگیری دادەمەزرێنێت و ئەویش مەرجی ئەوەیە لە سلێمانی نیشتەجێ ببن... ئەوسا (خەلۆ چاوسوور) بە بیستنی ئەو هەواڵە شێت و هار دەبێت... دەیەوێت گوێ بەو هەموو ئاژەڵە دڕندە و مرۆڤە ترسناکانەی سەر ڕێگا نەدات و بە هەر شێوەیەک بێت خۆی بگەیەنێتە ئەوێ، تاکو بە خەنجەر لەتوکوتیان بکات، کە ئەوان شوێنەکەیان بە دروستی بۆ وەسف کردووە، بەڵام خێرا پەشیمان بووەتەوە... گوتوویەتی: ((سەفەر هەر سەفەرە، چ بۆ دوور و چ بۆ نزیک... من ناتوانم بەو ڕێگایەدا بڕۆم))، بۆیە دەیەوێت چوار کەسی دەستوەشێن ڕابسپێرێت ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن، کە پێشتریش بۆ کاروباری دیکە بە کرێی گرتوون... سوێند دەخوات ئەگەر هەموو سامانەکەی لەسەر دانابێت، بیانهێنێتەوە و بە خەنجەر ورگی هەردووکیان هەڵبدڕێت... ئینجا تەرمیان لەسەر قەڵاتەوە فڕێ بداتە خوارێ.... ئەوەی نەیهێشتووە ئەو پلانە سەر بگرێت، یەک دوو ڕووداون، کە هاوکاتی یەکترن و سەرتاپێی ژیانی (خەلۆ چاوسوور)یان گۆڕیوە... پێشەکی ئەو دوو پیاوەی کاروباری بازرگانییان لە ئەستۆیە، کاتێ بۆیان دەرکەوتووە ئەو هەر بە ڕاستی ناتوانێت سنووری شارەکەی جێ بهێڵێت، ناپاکییان لێ کردووە، بەوەی خانوویێکی گەورە و هەر چوار دووکانەکەیان پێ فرۆشتووە، گوایە هەلێکی باش ڕەخساوە، تاکو چەند بارێک شتومەک لە بەغداد بە هەرزان بکڕن و لە ماوەیەکی کەمدا بە قازانجێکی یەکجار زۆر بیفرۆشنەوە... ئەوان خۆیانیان

لێ شاردووەتەوە و سووریش زانیویانە دەستی پێیان ناگات... ئەم ڕووداوە بە تەنیا نەیتوانیوە بیرووخێنێت، ئەگەر ئەوانی دیکەیان نەچووایەتە پاڵ... ڕۆژێکیان لە یەکێک لەو خانانە دانیشتووە، کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا باری شتومەکەکانیان بۆ گواستووەتەوە... هاوڕێیەکی لێی پرسیوە ئەوە شەش ساڵ بەسەر مردنی (مەیسوون)دا تێپەڕیوە، بۆچی ژنێکی تر ناهێنێتەوە... لەو کاتەدا (بارام تەقیلە)ی چەنەباز تانەی لێ داوە و گوتوویەتی ژنی چی بهێنێتەوە، ئەگەر لە پیاوەتی کەوتبێت... ئیتر ئەو دەستی بۆ قەپانێک بردووە و بە برپرەی پشتیدا کێشاوە... ئەو کوڕە گەنجە لە هۆش خۆی چووە، بگرە وایان زانیوە مردووە... بەوەندە وازی نەهێناوە و بۆ ناو ماڵیان ملی ناوە... بە زەبری خەنجەر خوشکێکی بردووە و بە قژ ڕایکێشاوە... بە سەر قەڵاتی خستووە و گەیاندوویەتیە ژوورەکەی... لەوێ چاوی بەستووە و لەژێر خۆیی ناوە... دوای چەند تەکانێک خوێنی بەسەر پەڕۆیەکی سپیدا ڕشتووە... بۆ (بارام تەقیلە)ی بردووە و گوتوویەتی:

_ ئەمە خوێنی کێیە و کێ ڕشتوویەتی...؟!

(مەلا فەتحوللا) و کۆمەڵێک پیاوی دیکە کۆ بوونەتەوە و کێشەکەیان بڕاندووەتەوە... پارەیەکی زۆریان لێ سەندووە... یەکەم، لەبەر ئەوەی (بارام تەقیلە) پشتی شکاوە و ئیتر ناتوانێت ئیش بکات... دووەم، بەپێی شەریعەت خوشکەکەیان لێ مارە کردووە... دەمودەست تەڵاقی داوە و چووەتە دەرێ... هەر ئەوسا دایکی لە داخان خۆیی سووتاندووە... (خەلۆ چاوسوور) چەند مانگێک ئاگای لە دنیا بڕاوە، بەڵام وردە وردە توانای هاتووەتەوە بەر... ئەو کاتانەی ویستوویەتی خۆی لەو خەمانەی بدزێتەوە، هەمیشە وای هێناوەتە بەرچاو بێڵێکی پێیە و زەوی هەڵدەکۆڵێت، بەڵام بۆچی...؟! بە چ مەبەستێک...؟! نازانێت... ئەوەندەی لا ڕوون بووە، کە دەبێت بێڵێکی پێ بێت و بەردەوام ورگی زەویی ڕەق هەڵدڕێت، ئەگینا لەژێر ئەو بارە قورسەدا دەپلیشێتەوە... وردە وردە وای زانیوە باخەوانێکی هەژارە و لە باخی ماڵێکی دەوڵەمەند کار دەکات... ئەو خەیاڵە بەردەوام ئەوی لەوە دوور خستووەتەوە خۆی و بەردێکی گەورە پێکەوە لەسەر قەڵاتەوە تلۆر بکاتەوە، بەو مەبەستەی تەرمی خوێناویی وەک هیی ژنەکەی بکەوێتە ناو ئاپۆرەی خەڵکەوە... ئەگەرچی پێشتر هیچ ئەزموونێکی لەم ڕووەوە نەبووە، بەڵام هەستی کردووە وا هەر بە ڕاستی حەزی چووەتە ئەو ئیشە، بگرە ئەگەر دەستی نەکەوێت، حاڵی پەرێشانە... ڕۆژێکیان دەموچاوی بە جامانە پێچاوە و خاکەنازێکی خستووەتە سەر شانی... ناوی خۆیی بۆ (حەمدی) گۆڕیوە، کە ناوی باپیرەگەورەیەتی... ڕاستییەکەی باپیری کوڕی بێوەژنێکی هەژار بووە، بەڵام زیرەکی و وریاییەکەی لە هەر چوار لا دەنگی داوەتەوە... دەستی بۆ هەر کارێک بردووە، قازانجێکی بێئەندازەی لێ کردووە... کاتێ تەمەنی گەیشتووەتە بیستوچوار، بە گەورەترین بازرگانی ئەو ناوچەیە ناسراوە و کچی یەکێ لە کاربەدەستە ناودارەکانی شاری خواستووە... لە زەماوەندەکەیشیدا پیاوە دیارەکانی دەوڵەت و بازرگانە دەوڵەمەندەکانی مەملەکەت ئامادە بوون، کە ئەمە لە گۆرانی و چیرۆکە دێرینەکاندا بە چاکی ڕەنگی داوەتەوە... ئەگەر مرۆڤ زۆر جار گوێی لە دایکان دەبێت هیوای ئایندەی گەش بۆ منداڵەکانیان دەخوازن و دەڵێن: ((زەماوەندێکت بۆ بگێڕم لەوەی حەمدی گەورەتر بێت و لە دنیا دەنگ بداتەوە))، ئەوە هەر ئاماژەیە بەو پیاوە بازرگانە... ئەو کچەی



خواستوویەتی ناوی (مەیسوون) بووە و جوانییەکەی بە هیچ شاعیر و چیرۆکبێژێک وەسف نەکراوە... حەوت کوڕی قۆزی لێ هێناوەتە بوون، کە ئەوانیش ڕێگای باوکە بازرگانەکەیان گرتووە و سامانی گەورەیان پێکەوە ناوە... ژنیشیان تەنیا لە خانەوادە خانەدانەکان خواستووە، بەڵام (حەمدی) وەسیەتی کردووە، کە لەمەودوا نابێت، بگرە کوفرە ژنی بێگانە بهێنن، بەڵکو هەر دەبێت کچی یەکتر بخوازن، تاکو بنەماڵەکەیان زیندوو و ڕەسەن بمێنێتەوە... بەردەوامیش ناوی (مەیسوون) لە کیژەکانیان بنێن... سەیر نییە ئەگەر ئەو ناوە تا ڕادەیەکی زۆر تایبەتە بەو بنەماڵەیەوە، بگرە وەک ناوێکی پیرۆز سەیر کراوە، بەڵام بۆچی لە وەسیەتەکەیدا نەیگوتووە ناوی خۆیشی لە کوڕەکان بنێن، ئەوا کەس نەیتوانیوە لەو نهێنییە تێبگات... لێرەدا سەربردەیەک هەیە، کە دیار نییە تا چ ڕادەیەک ڕاستە، ئەویش ئەوەیە، گوایە (حەمدی) تەمەنی دە دوازدە ساڵان دەبێت و لەگەڵ دایکە هەژارەکەی تاقە مانگاکەیان بۆ فرۆشتن دەبەنە مەیدان... دایکی پەتەکەی ملی ڕادەکێشێت و ئەویش جار جار بە مست لە پاشووی دەدات... بە لای کۆشکی باوکی (مەیسوون)دا تێدەپەڕن و ئەو کچە لە بەردەرگا بەو چاوە ڕەش و گەورانەیەوە سەیریان دەکات... دایک کاتێک دەزانێت وا مانگا چەقیوە، بگرە بۆ دواوەیش دەگەڕێتەوە... چەند ڕایدەکێشێت، نایەتە پێشەوە... ئینجا ئاوڕ دەداتەوە... دەبینێت کوڕەکەی بە هەردوو دەست کلکی گرتووە و قاچەکانی توند توند لە زەوی گیر کردووە، بەڵام چاوی لەسەر ئەو کچە ڕواوە و جووڵەی لێ براوە... هەر دەڵێی مردووە... دێتە لای و چەند جارێ ڕایدەتەکێنێت، تاکو بە ئاگای بهێنێتەوە... لەمەوە (حەمدی) خەون بەو کچەوە دەبینێت و ناتوانێت لە خەیاڵی خۆیی دەربکات... بەردەوام پلان بۆ ئەوە دادەنێت چۆن پێی بگات... سەرەتا خۆی دەکاتە هاوڕێی ئەو باخەوانە پیر و هەژارەی لە باخە فرەوانەکەیاندا کار دەکات... بەڵێنی پێ دەدات ئەگەر لەگەڵ خۆیی بباتە ماڵیان، ئەوا ئەویش لە ئیشەکان یارمەتیی دەدات... لێرەدا ڕوون نییە بۆچی دەموچاوی پێچاوە و نەیهێشتووە (مەیسوون) بیبینێت، بەڵام خۆی لە نزیکەوە و بە دزی چاودێریی کردووە، تاکو بزانێت کچێکی چۆنە و ئارەزووەکانی چین... بۆی دەرکەوتووە دەنگی یەکجار خۆشە و بەردەوام گۆرانی دەچڕێت... حەزی لە پیاوێکە دوو خەسڵەتی تێدا بێت، یەکەمیان: زمانی ڕەوان بێت... واتە بزانێت چۆن دەدوێت، چ گوتە و چ شێوازی دەربڕینی سەرنجڕاکێش بن... دووەم: حەزی لە سەفەر بێت... هاوکات (حەمدی) ئەوەیشی زانیوە، کە باوکی ناهێڵێت شوو بکات، مەگەر ئەو کەسەی هەڵیدەبژێرێت، بازرگانێکی سەرچڵ و لێهاتوو بێت... لەمەوە ڕێگای بازرگانی دەگرێت، بێ ئەوەی هیچ سەرمایەیەک شک ببات... لێرەیشدا چیرۆکی سەیر سەیر دەگێڕنەوە، کە چۆن سەرەتا خۆیی لە بازرگانەکان نزیک کردووەتەوە و ڕێگا و فێڵی نوێی خستووەتە بەردەمیان، بەڵام لەوەیش گرنگتر فێری ئەوەی کردوون چۆن زمان لە کاری بازرگانیدا بە کار بهێنن... بۆچی فڵان وشە لەجیاتی فیسار وشە بڵێن... بۆچی دەبێت لە فڵان کاتدا بێدەنگ بن، لە فیسار کاتدا بە دەنگی سووک و لە فڵان کاتیشدا بە دەنگی بەرز بدوێن... ئیتر بەو بیرۆکە سەیرانەی سەرنجی هەموویانی ڕاکێشاوە... لەمەوە تێکەڵی دنیای ئەوان بووە و وردە وردە بۆڕی زیرەکترین و دەوڵەمەندترینیانی داوەتەوە... دەڵێن تاقە بازرگان بووە چەتەکان ڕووتیان نەکردبێتەوە،

چونکە تەنیا بە زمان توانیویەتی چۆن خۆی و بارەکانی لە دەستیان دەرباز بکات، لە کاتێکدا بە هەر چوار لادا سەفەری کردووە و گەیشتووەتە دوورترین شوێنی دنیا... (مەیسوون)یش دوای ئەوەی بووەتە هاوسەری، زۆر جار لەگەڵی چووە، کە پێشتر هەرگیز ڕێک نەکەوتووە بازرگانی ئەم شارە کاری وا بکات... لەوانەیە (خەلۆ چاوسوور) بە مەبەستێکی تایبەت ناوی ئەوی لە خۆی نابێت و ویستبێتی بڵێت گوناهەکە، چاکترە بگوترێت هەڵەکە، لەو دەستی پێ کردووە و دەبێت ڕاست بکرێتەوە... بێگومان نازناوی (باخەوان)یشی بە خۆڕایی نەخستووەتە سەر... زوو زوویش بەراوردی خۆی و ئەوی کردووە و بۆی دەرکەوتووە جیاوازییەکانیان یەکجار زۆرن، بەڵام تەنیا یەکێکیان زۆر ئازاری داوە، کە ئەم لەپێناوی گەیشتن بە (مەیسوون)ی خۆی ڕەنجی دنیای کێشاوە و ئەو سووک و ئاسان خوێنی دوا (مەیسوون)ی بنەماڵەکەی ڕشتووە... هەر ئەو ئازارەیش پاڵی پێوە ناوە ببێتە باخەوان... بەم شێوەیە (حەمدی باخەوان) یەک یەک لە دەرگای دەوڵەمەندەکانی داوە، ئاخۆ باخەوانیان پێویست نییە... ئەنجام لە ماڵی (دادە ئەنتوانێت) و (فەزی بەگ) دامەزراوە... ئەوان بێجگە لە باخ، لەو دەشتەی بەردەم ماڵیان بێستانیشیان هەبووە، کە چوار ژن و پیاوێکی دیکە کاریان تێدا کردووە... هێشتا وازی لە گەڕاندنەوەی کوڕەکەیشی نەهێناوە... ڕۆژێکیان بیری کەوتووەتەوە بڕێک پارەی لەناو دیواری گەنجینەکە شاردووەتەوە... دەریهێناون و لەگەڵ ئەو چوار کەسە دەستوەشێن و جەربەزەیە ڕێک کەوتووە، بەڵام ئەوەی ئەوان دوای چەند ڕۆژێک هێناویانەتەوە، کوڕەزا ساوایەکەی بووە... پێیان ڕاگەیاندووە کوڕەکەی لە ڕووداوێکی سەیر و

تەمومژاویدا کوژراوە... ئەگەرچی (سوهاد) وەک لەو پیاوە جەربەزانەوە بیستوویەتی (گوڵهەتاو)ی دایکی زۆر هەوڵی داوە ئەم لە خەزووری بستێنێتەوە و چەند جار بەو مەبەستە هاتووەتە هەولێر، تەنانەت ڕێگای دادگایشی گرتووە و تێیدا سەرکەوتوو نەبووە، کەچی ئەو هەر پێی وایە جێی هێشتووە و گەڕاوەتەوە بەغداد، بۆ لای کەسوکاری، کە لە سەردەمی (مەدحەت پاشا)وە لەوێ نیشتەجێ بوون، بەوەی باپیریساڵی (١٨٦٩) لە دادگای بەغداد کراوەتە قازی و ئیتر سلێمانییان جێ هێشتووە... بە هەرحاڵ (خەلۆ چاوسوور) دوای ئەوەی لەوی دەستێنێت، دەیەوێت خۆی گەورەی بکات، بەڵام هەر چۆنێ بێت دراوسێ ڕازیی دەکەن لەبری مانگانەیەکی کەم بیداتە (پەریهانی کچی ڕەئیس فەرحان)، تاکو لەگەڵ تاقە کوڕەکەی ئەرکی بەخێوکردنی لە ئەستۆ بگرێت، کە ئەوەتا لەو گەڕەکەی دامێنی قەڵات نیشتەجێیە و تازە مێردە پۆلیسەکەی کوژراوە... بڕیارێکی لەم شێوەیە بۆ ئەو سەختە، بەڵام چاری نییە، چونکە ناکرێت دەست لە ئیش هەڵبگرێت... ئەگەر لە ماڵیش جێی بهێڵێت، ئەوا بێگومان لەو بێکەسییە دەمرێت... ئەوەی زیاد لە پێویست لای ئەو بووەتە پرسیار، بگرە ئازارێکی گەورەی داوە، ئەوەیە، چاوانی کوڕەزاکەی ڕێک وەک ئەوانەی خۆی وان... سوور سوورن...

هەر کە تەمەنی دەبێتە حەوت ساڵ، دەیهێنێتەوە و لەگەڵ خۆی بۆ ئیشی دەبات، هەرچەند نە (سوهاد) بێ ئەوان و نە ئەوان بێ ئەم هەڵدەکەن... (پەریهان) پێی دەڵێت ئامادەیە دەست لەو بڕە پارەیەش هەڵبگرێت، کە مانگانە دەیداتێ، بەڵام ئەو لەسەر بڕیارەکەی خۆی سوور دەبێت... بە پیاوێکی ناسیاوی گوتووە کوڕەزاکەی



گەورە بووە و ناتوانێت لەوە زیاتر لای ئەو بێوەژنە دڵتەڕ و جوانکیلەیەی جێ بهێڵێت... هیچ بە دووری نازانێت چاوی تێ ببرێت و لە خشتەی ببات... هەروەها ئەوەیشی نەشاردووەتەوە، کە دەیەوێت لە منداڵییەوە فێری ئیشی باخەوانیی بکات، بەو هیوایەی نازناوی (باخەوان) بە بنەماڵەکەیانەوە بلکێت... (سوهاد) (پەریهان)ی بە دایە بانگ دەکرد، بەوەی شیری ئەوی خواردبوو، بگرە ئەگەر پێیان نەگوتایە ئەوە دایکی ڕاستەقینەی نییە، هەر نەیدەزانی... (وریا)ی بە برای خۆی دادەنا، کە تەنیا حەڤدە ڕۆژ لە خۆی گەورەتر بوو... هەمیشە بیری لەو ڕۆژانە دەکردەوە، کە پێکەوە یارییان دەکرد و لەو دەشتە تاقە مانگا سپییەکەیان دەلەوەڕاند... دواییش دەیانبردە قەراغ گۆمەکەی دامێنی قەڵات و تێر تێر ئاوی دەخواردەوە... ڕاستییەکەی (پەریهان) ئەو مانگایەی بۆ ئەوە کڕیبوو، تاکو هەندێک لە شیرەکەی بداتە ئەوان، بەوەی شیری خۆی بەشی هەردووکیانی نەدەکرد و هەندێکیشی لێ دەفرۆشت، کە لەم ڕێگایەوە بڕێک پارەی دەهاتە دەست و کەلێنێکی ماڵەکەی پێ پڕ دەکردەوە، ئەگینا پێشتر ئەزموونی لە بەخێوکردنی هیچ ئاژەڵێکدا نەبوو، بەوەی لە باپیرەگەورەیەوە تاکو باوکی هەر پۆلیس بوونە و خۆیشی شووی هەر بە پۆلیسێک کردبوو، کە تازە پلەکەی دەگەیشتە عەریف... (پەریهان) لە زووەوە ناوی لە مانگاکەی نابوو (مەیسوون)، چونکە دەیگوت وەک (دادە مەیسوون)ی دراوسێیان ساڵانە دووانەیەکی دەبێت، بەڵام بە کوڕەکانی گوتبوو هەرگیز نەکەن ناو لە گوێرەکەکان بنێن، چونکە ئەوان بۆ فرۆشتنن... ئەگەر ناویان لێ بنرێت، دڵی نایەت نە بیانفرۆشێت و نە گۆشتیشیان بخوات... (دادە مەیسوون) ژنێکی قەڵەوی باڵابەرز بوو... قژی درێژی لەدواوە دەکردە کەزییەکی ئەستوور و بەسەر پشتیدا دەیهێنایە خوارێ، بەڵام گووپەکانی هێندە خڕ بوون، مرۆڤ هەمیشە وای دەزانی فووی تێ کردوون... دوای نیوەڕۆیان لەسەر سەکۆی بەردەمی ماڵیان دادەنیشت و منداڵە ساواکانی دەدایە بەر هەتاو... زوو زوو دەهاتە سەریان و تۆپەڵێک جوێنی بە (پەریهان) دەدا، چونکە ناوی ئەمی لە مانگاکەی نابوو و (سوهاد) و (وریا)یش لە دەرەوە بەردەوام بانگیان دەکرد... پێی دەگوت:

– تۆ ئێرەییم پێ دەبەیت، کە من ساڵانە دووانەم دەبێت، پەرە ڕیقڵاو... تۆ خۆت وشکت کردووە... ئەگەر هەموو جوانەگای ئەم شارە سواری خۆت بکەیت، جرجێک لەم کونە ڕەقهەڵاتووەت نایەتە دەرێ.

(پەریهان) گوێی پێ نەدەدا و دەیگوت:

– من لە خۆشەویستی ناوم لێ ناوە مەیسوون... خۆ تۆ تاکە ژنیش نییت لەم شارە ناوت مەیسوون بێت.

بەڵام (سوهاد) و (وریا) پێیان ناخۆش بوو جوێن بە دایکیان بدرێت، بۆیە لەگەڵ کوڕەکانی ئەوان دەیانکردە شەڕ... هەموو جارێک لێدانی چاکیان بەر دەکەوت... ئەوسا (سوهاد) دەیگوت:

– ئاخر ئەوان زۆرن و ئێمە هەر دووانین... خۆزگە دایە چەند کوڕێکی دیکەیشی هەبووایە، ئەوسا پێیان دەوێراین.

جارێکیان پرسی:

– ئەوە بۆ وەکو دایکی ئەوان منداڵی دیکەی نابێت...؟!

(وریا) لەملا و لەولای خۆیی ڕوانی و بە دەنگێکی نزم گوتی:

– دایکی ئێمە پیاوی نییە، هەتا شەوان لەگەڵی

بنوێت... ئەی نابینی لەدوای مردنی بابەوە یەک منداڵیشی نەبووە...؟!
ئەوسا (سوهاد) سەیری ئەو پیاوانەی کرد، کە بۆ بازاڕ دەچوون و پرسی:
ــ ئەی بۆ بانگی ئەوانە ناکات، تا لەگەڵی بخەون...؟!
ــ نابێت.
ــ بۆ نابێت...؟! نایانەوێت لەگەڵی بنوون...؟!
ــ نا، خۆ ئاوا نییە... عەیبە، عەیب...!!
ــ بۆ عەیبە...؟!
ــ نازانم، بەڵام دیارە عەیبە.
دوایی (وریا) گوتی:
ــ مەیسوونیش ئەگەر دایە نەیباتە لای مام مستەفا و گای ئەوان نەچێتە سەر پشتی، ئەوا گوێرەکەی نابێت و ئێمەیش چاومان بە شیر و ماست ناکەوێت.
ــ ئۆی...!! ئۆی...!!
ــ ئەی چۆن...؟! نابینی دایکی ئەوان زوو زوو بە دایە دەڵێت ئەگەر هەموو جوانەگای ئەم شارە سواری خۆت بکەیت، جرجێک لەم کونە ڕەقهەڵاتووەت نایەتە دەرێ...؟!
(سوهاد) نەیدەزانی چی بڵێت و بیری لەو گوتانە دەکردەوە... دیمەنەکانی بە تەڵخی دەهاتنە بەرچاو، بەڵام هەستی دەکرد گیانی ورووژاوە، بێ ئەوەی لەو گۆڕانە ناکاوە تێبگات... ڕاستییەکەی ئەو چەرچییە بە (پەریهان)ی گوتبوو هەر کاتێ مانگاکەی کەڵی دێت، با بیهێنێتە گەورە گەورەکەی ئەم و بە ئارەزووی خۆی گایەکی چاک و ڕەسەن هەڵبژێرێت، تاکو کەڵی بدات، بێ ئەوەی یەک قرشی لێ بستێنێت...
بە هەرحاڵ (سوهاد) و (وریا) لەوەتەی چاویان کردبووەوە، ئەو مانگایەیان دیبوو و وەک ئەندامێکی خێزانە بچکۆلەکەیان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرد... دوای چەند مانگێک گوێرەکەکان گەورە دەبوون و دایکیان بەو قەسابەی ناسیاوی دەفرۆشتن... ئەوانیش لەگەڵی دەچوون، چونکە بەو پارەیە شتومەکی بۆ دەکڕین... پێی دەگوتن لە بازاڕ هەر بە تورکمانی قسە بکەن، نەبادا دووکاندارەکان بزانن کرمانجن و شتومەکیان بە گران بدەنێ، بەوەی زۆربەی بازاڕ لە دەست ئەوان و جووەکاندا بوو... نەخێر، لەوێ هەرگیز بە کوردی نەدەدوان... ئینجا بە هۆی ئەوەی گەڕەکەکەیان لە بازاڕ نزیک بوو، بێ ئەوەی ئاگایان لێ بێت لەماڵیش درێژەیان پێ دەدا... هەندێک لە دووکاندارەکان کورد بوون، بەڵام ئەوانیش هەر بە تورکمانی دەدوان، چونکو کرمانجەکان وا ڕاهاتبوون کاتێ بیانزانیایە خاوەنی دووکانەکە تورکمانە، هەرگیز مامەڵەیان نەدەکرد و بەو نرخە کەلوپەلەکەیان دەکڕی، کە پێیان دەگوترا... کەس نەیدەزانی ئەم شتە لە چییەوە هاتووە...!! دایکی ئەوان لە هەموو ئەو ژنانە جیاواز بوو، کە خەریکی بەخێوکردنی مەڕومالات بوون و بە مەبەستی فرۆشتنی بەرهەمەکانیان دەهاتنە بازاڕ، بەوەی جلی مۆدەی لە بەر دەکرد و قژی دانەدەپۆشی... هەرچەند ئەو جلوبەرگەی ڕەش و کۆن بوون، بەڵام دەیانتوانی هەندێک ویقاری پێ بدەن......
(سوهاد) هەستی دەکرد بە قەدەر دایکی و براکەی بیری (مەیسوون)یش دەکات، بەڵام باپیری نەیدەهێشت بە هیچ شێوەیەک بچێتە ماڵیان، بگرە بۆی نەبوو لە دەرەوەیش بیانبینێت، تەنانەت هەوڵی دا لە قوتابخانەیشی دەربهێنێت، نەک هەر لەبەر ئەوەی (وریا) لەوێی دەخوێند، بەڵکو دەیویست بیخاتە حوجرەیشەوە، بۆ ئەوەی وەک باوکی سەرەڕۆ



و خوێڕی دەرنەچێت، بەڵام (مەلا یونس) پەشیمانی کردەوە و پێی گوت (سوهاد) بۆ ئەوە کراوە لە قوتابخانەی نوێ بخوێنێت... هەروەها پێی گوت مادام تۆ بە نیازیت لە ئاییندە بیکەیتە باخەوان، ئەوا لەم ڕێگایەوە بەو مەرامەت دەگەیت... ئەوسا پشووی هاوین بوو... (دادە ئەنتوانێت)ی خاوەنی باخ و بێستانەکەیش پێی دەگوت ئەگەر نەشهێڵێت لە قوتابخانە بەردەوام ببێت، ئەوا با ڕێگای ئەم و (تیشکەشان)ی کچی بدات، تاکو لەماڵەوە فێری بکەن... ڕاستییەکەی ئەو ژنە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە (سوهاد)ی خۆش ویست، بەڵام ئەو شەرمی لێ دەکرد، بگرە نەیدەتوانی نە لە چاوی ئەو و نە لە هیی کچەکەی ڕابمێنێت... ئەو ژنێکی قسەخۆش و دەمبەپێکەنین بوو، ئەگەرچی هەمیشە دەیویست کارەکان بە چاکی بە ڕێوە بچن... خۆ کاتێک کەمتەرخەمی و هەڵەی لە وەرزێرەکانی بدیایە، زۆر خراپ بەسەریاندا دەیقیژاند... ئەوان هێندە گوێیان پێ نەدەدا، چونکە دەیانزانی کەمێکی تر لە بیری دەچێتەوە و وەک بڵێی هیچ شتێک ڕووی نەدابێت، گاڵتەوگەپیان لەگەڵ دەکاتەوە... بە هۆی ئەوەی لە قاهیرە لە دایک بووبوو، هەندێک دابونەریتی ئەوێی هەڵگرتبوو، کە ئەمە چ لە هەڵسوکەوت و چ لە شێوازی قسەکردنیدا دەردەکەوت... بە کورتی وەک ژنێکی نوێخواز و کراوە دەهاتە بەرچاو... (فەوزی بەگ)ی مێردی بە هیچ شێوەیەک دەستی نەدەخستە ناو کاروباری باخ و بێستانەکەوە، لە کاتێکدا ئەو بە بازرگانییەوە خەریک بوو، مەگەر جار جار دوو سەگە دڕەکەی (داندۆ) و (ماندۆ)ی بهێنایە و یاریی لەگەڵدا بکردنایە، کە بە قەدەر دنیا دڵی پێیان دەکرایەوە... ئەو چارەی وەرزێرەکانیشی نەدەویست... هەرگیز جارێ یەکێکیانی نەدەدواند، بگرە وەڵامی سەڵاوەکانیشی نەدەدانەوە... ڕۆژێکیان گوتبووی: ((هیچ کارێک هێندەی کشتوکاڵ بێمانا و ناشیرین نییە... ئاخر چۆن دەبێت مرۆڤ نانی خۆی لەژێر زەوی پەیدا بکات... ئەوێ هەر بۆ ئەوە کراوە مردووی لێ بنێژیت))... (دادە ئەنتوانێت) نەیدەشاردەوە، کە ئەو زیاتر لەپێناوی چێژ ئەو کارە دەکات، بەوەی حەزی لە ئاوەدانییە... ناتوانێت لەو چۆڵەوانییە بژیێ، بۆیە لە وەرزی پاییزیشدا، کە هیچ کارێکی وا نەدەما بیکەن، هێشتا وەرزێرەکانی نەدەناردەوە ماڵ و مانگانەی دەدانێ... ئەو خانووە گەورەیە بە تەنیا لەو چۆڵەوانییە بۆ ئەو دەستی نەدەدا، بەڵام مێردەکەی دەیویست ژیانی دوور لە خەڵک بەسەر ببات... هەندێک هاوڕێ و ناسیاوی زۆر تایبەتی هەبوو، سەردانی دەکردن و ئەوانیش سەریان لێ دەدا... گوتبووی: ((زۆرم بە لاوە سەیرە، کە دەڵێن مرۆڤ دەبێت لە ئاوەدانی بژییێت... ئاوەدانی بۆ من شوێنی ئیش و ململانێیە... بۆچی لە شوێنی ئیش بژیم...؟! چۆن لە شوێنی ململانێ بخەوم...؟! ئەوە سواڵکەرەکانن لەوێ دەژین و بە قووڵی لێی دەخەون... ئەرێ جیاوازیی نێوان یەکێک، کە سواڵی نان دەکات لەگەڵ ئەوەی تر، کە سواڵی سۆز، بەزەیی و خۆشەویستی دەکات، چییە...؟! دەسا ئاوەدانی مەڵبەندی ئەو شتانەیە))... (دادە ئەنتوانێت) پێچەوانەی ئەو بیری دەکردەوە، بۆیە ئەو کارە بۆ ئەو باش بوو، تاکو لە خەڵک دانەبڕێت، لە کاتێکدا بەشی خۆی دڵی بە ئاوەدانی دەکرایەوە... ئەو حەزی دنیای لە بەخێوکردنی پەلەوەریش دەکرد... (سوهاد) هەموو ئێواران لەسەر ڕاسپاردەی ئەو، پێش ئەوەی خۆر ئاوا ببێت، قازەکانی بۆ لەو گۆمە دەهێنایەوە و ئەویش شتێ پارەی دەخستە ناو دەست... جارێکیان پێی گوت:

ـــ ئەگەر تۆیش نەیانهێنیتەوە، ئەوان خۆیان کاتێ تاریک داهات، بەرەو ماڵ دەبنەوە، بەڵام من هەر لە منداڵییەوە حەز لەوە دەکەم دیمەنی کوڕێکی وەک تۆ ببینم، کە لە زەردەپەڕدا ڕەوەیەک قازی پێش خۆی داوە و خەیاڵ دەیباتەوە.

باپیری زۆری پێ ناخۆش بوو ئەو پارەیە وەردەگرێت و زوو زوویش ناڕەزاییی دەردەبڕی، چونکە بە کارێکی سووکی دەزانی، بەڵام لە ئاستی (دادە ئەنتوانێت) دا هیچی بۆ نەدەکرا... ئەو دەیویست کوڕەزاکەی لە منداڵییەوە لەسەر کاری باخەوانی ڕابهێنێت، بۆیە بێ ئەوەی هیچ هەقدەستێک وەربگرێت، کەم کەم ئیشی پێ دەکرد، گوایە مەبەستیەتی باخەوانی بکاتە پیشەی بنەماڵەکەی و تا ئەبەد دەستی لێ هەڵنەگرن... خۆیشی نەیدەزانی چۆن ئەو نەوانە دەخاتەوە، لە کاتێکدا ئەو بڕیاری داوە چ خۆی و چ کوڕەزاکەیشی لە ژن دوور بن، بگرە لە چاوی هیچ مێیینەیەکیش نەڕوانن......

(سوهاد) سەیری لەوە دەهات چۆن ئەو ژنە یەک ئێوارە لە بیری ناچێت بێتە بەردەرگا، تاکو لەو دیمەنە بڕوانێت... هەستیشی دەکرد هەر بە ڕاستی لەو کاتەی قازەکان دەهێنێتەوە، خەیاڵی بۆ لای دایکی، (وریا) و (مەیسوون) هەڵدەفڕێت، بە ڕادەیەک چاوەکانی پڕ ئاو دەبن، بۆیە لە دڵەوە پێی خۆشە خۆی بخاتە باوەشی (دادە ئەنتوانێت) ەوە و دەستەکانی لەملا و لەولاوە لە کەمەری بئاڵێنێت، بەڵام شەرم هەرگیز ڕێگای شتێکی ئاوای پێ نەدەدا... ئەو ڕۆژانی بە پەنجە دەژمارد، کە ئەو چوار مانگە تێبپەڕن و دەوامی قوتابخانە دەست پێ بکاتەوە، بۆ ئەوەی (وریا) ببینێت... کاتێکیش بۆ ئیش دەچوون، باپیری نەیدەویست بە لای ماڵیاندا بڕوات، بەڵکو ڕێگایەکی دوورتری دەگرت...

بەردەوامیش هەوڵی دەدا (پەریهان)ی لە بەر چاو بخات... بەیانییەکی پاییز پێی گوت:

ـــ تۆ چۆن یەکێکت خۆش دەوێت، کە ناوی نەنکتی لە مانگاکەی نابێت...؟! ئاخر ناوی ژنی من........ تەواوی نەکرد و تفێکی لە بەردەمی ڕوو کرد و بە توندی قاچی پێدا نا، وەک بڵێی کارێکی هێندە قێزەونە، هەر باس ناکرێت... (سوهاد) یەکەمجاری بوو بزانێت نەنکی ناوی (مەیسوون)ە، بەڵام نەیویست لەو بارەیەوە هیچی لێ بپرسێت... ئەوەندە نەبێت گوتی:

ـــ نا، ئەوە ناوی ژنێکی ترە، کە .......

نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات:

ـــ بێدەنگ بە...!! لەسەر ئەو دەعبا نەفرەتییە نەکەیتەوە...!!

لەو دەشتەی ڕوانی و هەر بە ڕاستی (مەیسوون) ی بینی... پووشی دەخوارد و کلکی با دەدا، بەڵام زۆر چاوی بۆ دایک و برای گێڕا و دیار نەبوون... وای بۆ چوو (پەریهان) بەو جلە ڕەشانەیەوە لەسەر سەکۆی بەردەرگا دانیشتووە... قاچەکانی شۆڕ کردووەتەوە و سەری بە دیوارەوە نووساندووە... وەک بڵێی منداڵێکی ساوای لە باوەشی خەواندبێت و نەیەوێت بێدار ببێتەوە، بۆیە جووڵەی لە خۆی بڕیوە... هەر کەسێ لێی بڕوانێت، خێرا دەزانێت ئەو ژنە ئاگای لە دەوروبەری نەماوە، بەڵکو خەیاڵی بۆ دوور هەڵفڕیوە، تەنانەت هەست بە بوونی (وریا)یش ناکات، کە لە نزیک قاچەکانی و لەسەر زەوییەکە دانیشتووە و چاڵێکی بە قەدەر ناولەپی خۆی هەڵکەندووە... حەوت بەردی سوور و حەوتی سپیی هێناوە و یارییان پێ دەکات... ڕاستییەکەی ئەو یارییە بە دوو کەس دەکرێت و پێشتریش هەر ئەو لەگەڵی کردووە... یەکێکیان سوورەکان و ئەوی



تریان سپییەکانی خستووەتە چاڵەکەوە، بەڵام ئێستا ناچارە هەر خۆی بە تەنیا بیکات... گریان قورگی گرت... دەترسا باپیری هەستی پێ بکات و بەر شەق و زللەی بدات... ئینجا بۆی دەرکەوت ئەو لەپێش ئەمەوە بینیویەتی، بۆیە ئەو باسەی هێناوەتە گۆڕێ... ڕاستییەکەیشی هەستی دەکرد باپیری ئەو بەیانییە هەر لەو ساتەوە لە خەو هەستابوو ئاسایی نەدەهاتە بەرچاو، بەڵکو زوو زوو لە بەر خۆیەوە وشەی هەلەقومەلەقی دەگوت... یەک دوو جاریش گوێی لە ناوی (مەیسوون) بوو، بەڵام وای دەزانی بە هەڵە لێی تێگەیشتووە، بە تایبەتی کاتێ بیری لەوە کردەوە، کە ئەو ڕقی لە هەر شتێکە پێوەندیی بە دایک و براکەیەوە هەبێت... یەکەمجاریش بوو بیبینێت ئاوا گۆرانی بڵێت... گۆرانیی چی...؟! خۆ زیاتر لە گریان دەچوو... بەڵێ، هەرچەند سەری لە پەنجەرە دەردەهێنا و لە شاری دەڕوانی، تۆنی دەنگی تەواو دەگۆڕا... یەکێکیانی بە عەرەبی چڕی، بەڵام لە هەندێک وشەی تێگەیشت، بەوەی زۆر جار گوێی لە دایکی بووبوو لەگەڵ ماڵە عەرەبەکانی خوارێ قسەی کردبوو... کاتێکیش هەموویانی پێکەوە کۆ کردەوە، زانی باس لە تەنیایی، بێکەسی، نەبوونی کەسوکار و هاوڕێ دەکەن... بەرچاییشی لەگەڵ هیی ڕۆژان جیاواز بوو... نانی لە دۆشاوی ترێ دەگوشی و بە دەم خەیاڵ و بیرکردنەوەوە پارووەکانی دەجووی... ئەو هەمیشە گوێز و هەنگوینی دەخوارد، کە ئێواران لە گەڕانەوەدا لای دووکاندارێکی برادەری دەیکڕین... دەیگوت بەو دوو خواردنە ماوە و بەرگەی نەخۆشی و ناسۆرە زۆرەکانی دنیای گرتووە... لەو قسەیەشیدا هەندێک ڕاستی هەستی پێ دەکرا، چونکو ئەو تەمەنی لە پەنجا نزیک دەبووەوە، کەچی نەک هەر تەندروستیی باش بوو، بەڵکو لەو باخ و بێستانە کاری چوار کەسی گەنجی دەکرد... ئینجا ئەگەر مرۆڤ سەرنجی لە ڕوخساری بدایە، وای دەزانی تەمەنی لە سیوپێنج تێنەپەڕیوە... قژی ڕەش ڕەش و سمێڵیشی تاڵێکی سپیی تێ نەکەوتبوو، بەڵام ڕیشی هەموو بەیانییان پاک پاک دەتاشی و هەمیشە ڕوومەت و چەناگەی دەبریسکانەوە... باڵای ڕێک و بەرزیشی دەیتوانی هەموو کاتێک وەک پیاوێکی بەویقار و قۆز پێشانی بدات... ئەو چوار ژنەی لە بێستانەکە ئیشیان دەکرد، بەردەوام لەنێوان خۆیاندا باسی جوانیی ئەویان دەهێنایە گۆڕێ و (سوهاد) گوێی لێ دەگرتن... زوو زوویش ناڕەزاییان دەردەبڕی، کە ئەو نایەوێت لێیان نزیک بکەوێتەوە، بگرە هەر سەیریشیان ناکات... (نەخشان)، کە بە (نەخشە) بانگ دەکرا و ساڵی پار لە مێردەکەی جیا بووبووەوە، لە هەموویان زیاتر هەوڵی دەدا بیدوێنێت... باوکە ئاسنگەرەکەی دوای ئەوەی ئاسنێکی گەورە بە سەر قاچی چەپیدا بەر دەبێتەوە و دەیشکێنێت، ئیتر لە ماڵەوە دەکەوێت و ئەویش ناچار دەبێت ئیشێک بدۆزێتەوە... پێشتریش تاقە براکەی عەریفێکی پۆلیسی کوشتووە و دە ساڵ زیندانیی بۆ بڕاوەتەوە... لە تەمەنی (پەریهان) بوو، بەڵام ئەو جلی پیاوانەی دەپۆشی و قاییشێکی چەرمی پانی لەسەر ناوکی دەبەست... ئەو خۆی پێی وابوو ئەوە جلی پیاوانە نییە، بەڵکو هیی ئیشە، بەڵام ئەگەر پیاوان زیاتر لە بەری دەکەن، ئەوە تەنیا بۆ ئەوەیانە بڵێن ئەوان هەمیشە کار دەکەن... جارێکیان ئەمەی بە چەند میوانێکی ماڵی (دادە ئەنتوانێت) گوت، کە لە بەغداوە هاتبوون... قرچەی نیوەڕۆ بوو، (داود) لەناو حەوزەکە مەلەی دەکرد، تاکو فێنکی ببێتەوە، پێی گوت:

ـــ ئەگەر ڕاستە ئەوە جلی ئیشە، خۆ ئێستا کاتی

پشووە... دەی دایکەنە و وەرە خۆت هەڵدە لای من.
ئەو گوتی:
ـــ من لە ئاوی ئاوا کەم مەلە ناکەم... ئەمە هەر بۆ بۆقێکی وەک تۆ باشە.
(داود) بۆ ئەوەی لەو شەڕە قسەیە لە بەرانبەر ژنێکدا نەبەزێت، گوتی:
ـــ تۆ هەر دەبێت شتێکت کردبێت و بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبیت، خۆت لەناو ئەو جلانەدا شاردووەتەوە.
ئەو گوتی:
ـــ بەڵێ، لەوەیاندا ڕاست دەکەیت... شتێکی گەورەم کردووە... ئینجا بۆ ئەوەی هەستم پێ نەکەن، ئەم جلانەم پۆشیوە، کە پیاوی وەک تۆ لە بەریان دەکەن.
ئەوان تێر تێر پێکەنین و خۆیشی لەوان زیاتر تریقایەوە، بەڵام ددانەکانی هەرگیز وەک هیی (پەریهان) نەدەبریسکانەوە... پەنجەکانیشی وەک هیی ئەو باریک و لووس نەبوون... هەر کاتێک بیویستایە بەراوردی ژنێک بە دایکی بکات، کە کردبوویە پیشە و دەستی لێ هەڵنەدەگرت، لە پەنجەکانی ورد دەبووەوە، چونکە شەوان تاکو نەیخستنایەتە دەمی و مژی قووڵ قووڵی لێ نەدانایە، خەوی لێ نەدەکەوت... ڕاستییەکەی لە خەویشدا هەر ملچ ملچ دەیمژین... خۆ (پەریهان) زوو زوو بە ژنانی بازاڕی دەگوت (سوهاد)ی ساڵێک دوای (وریا) لە مەمک بڕیوەتەوە، چونکە وڕکی گرتووە و دەمی لە هیچی تر نەداوە، کاتێکیش برسییەتی زۆری بۆ هێناوە، چووە چنگ چنگ خۆڵی خواردووە... ئەگەر پەنجەکانی (نەخشان) لە هیی دایکی نەدەچوون و نەیدەتوانی بیانمژێت، مانای ئەوە نەبوو سەرنجی ڕانەدەکێشان... یەکەم ڕۆژ، کە لەگەڵ باپیری چووە ئیش، لە دوورەوە بینیی بە خاکەناز زەویی هەڵدەکۆڵی، وەک پیاوێکی باریک هاتە بەرچاوی، بەڵام دوایی کاتێ لێی نزیک کەوتەوە، بۆی دەرکەوت نە دەنگی و نە ڕەنگی لە هیی پیاو دەچن... گۆرانییەکی سەیری دەچڕی، کە پێشتر هەزار جار دایکی هەمان گۆرانیی گوتبوو، چ لەو کاتەی (مەیسوون)ی دەدۆشی و چ وەختێ شیری لە مەنجەڵە ڕەشەکە دەکوڵاند... دوور لە خواستی خۆی زیاتر لێی چووە پێش... ئەوسا (نەخشان) دەتگوت گوێی لە ناخی ئەم بووە، بۆیە شەدەی سەری فڕێ دا و قژی بەڕەڵا کرد... بەسەر پشتیدا بڵاو بووەوە... تیشکی خۆر دەیبریسکاندەوە... (سوهاد) هەرگیز چاوەڕێی ئەوە نەبوو بەنەخوێنی بکاتەوە و شەرواڵی تا ئاستی ئەژنۆی بهێنێتە خوارێ... ئینجا لەملا و لەولاوە قاچەکانی لەسەر دوو بەرد دابنێت و میز بکات... ئەوسا سەری هەڵبڕی و ئەمی بینی، بەڵام هیچ خۆی تێک نەدا... بزەیەکی خستە سەر لێوی و پرسی:
ـــ تۆ کوڕی حەمدیی...؟!
باپیری پێی گوتبوو لە ئیش ناوی ئاوایە و دەشبێت بڵێت کوڕیەتی... بێ ئەوەی ڕووی لە میزەکەی وەربگێڕێت، کە شوڕڕڕڕەی دەهات و خۆڵە گەرمەکە کززززز هەڵیدەمژی، سەری بۆ لەقاندەوە، بەڵام هەستی دەکرد زەحمەتە بە زمان بڵێت کوڕی ئەوە.... کاتێ میزەکە تێکەڵی خۆڵەکە دەبوو، بۆنێکی خۆشی لێ دەهات... نەیدەتوانی چاو لەو دڵۆپانە بنووقێنێت، کە ناوە ناوە دەرفەتیان دەهێنا و خۆیان هەڵدەدایە خوارێ... تەزووی پێدا دەهات و لەو ترسە تێنەدەگەیشت، کە بە دەمارەکانیدا دەگەڕا... (نەخشان) نەیدەزانی ئەو منداڵە بەو شێوەیە لێی دەڕوانێت... خەتاکەیشی هیی (کوڕە بزێوەکانی دادە مەیسوون) بوو، بەوەی ئەوان زوو



زوو لە کۆڵان باسی جەستەی ژنیان دەهێنایە گۆڕێ و خەیاڵیان جۆش دەدان... ڕاستییەکەی (پەریهان) تاکو بیتوانیایە نەیدەهێشت نە ئەم و نە (وریا) یش زۆر گوێ لەو چەقاوەسووانە بگرن، بە تایبەتی دووە گەورەکە، کە فێری قسە و هەڵسوکەوتی سەیر سەیریان دەکردن... وایان لێ هاتبوو لەو تەمەنە زووەوە سەریان لە زۆر شتی گەوران دەربچێت، کە ئەمە هەرگیز بە دڵی (پەریهان) نەبوو... بە هەرحاڵ ئەوە یەکەمجار بوو (سوهاد) ژنێک ئاوا بە ڕووتی ببینێت، بۆیە نەیدەتوانی ڕووی لێ وەربگێڕێت... ئەو ماوەیەک لە شوێنی خۆی هەڵنەستا و دڵۆپەکانیش تا دەهات کەمتر و سستر دەکەوتنە سەر زەوی... کاتێ بەنەخوێنی دەبەستەوە، لێی پرسی:

_ دایکت ناوی چییە...؟!

ئەو پرسیارە قرچەی لە دڵیەوە هێنا... وەڵامدانەوەی بە ئاسان نەدەزانی... باپیری ئەوەیشی پێ گوتبوو، کە بڵێ دایکی مردووە، بێ ئەوەی لەوە زیاتر یەک شتی تر بدرکێنێت... ڕاستییەکەی تا ئەو ساتەیش نەیدەزانی نەنکی ناوی چییە، کە دەبووایە بڵێ ئەو دایکیەتی... بەڵام ئەو خێرا بە زللە لە ناوچەوانی خۆی دا و گوتی:

_ ئۆی خۆ تۆ دایکت نەماوە...!!

گریان قورگی گرت و هیچ بۆ نەگوترا، بەڵام جارێک بیری لە (پەریهان) و جارێک بیری لە (گوڵهەتاو) دەکردەوە... ((بە ڕاست نەنکم ناوی چییە...؟!))... ئەوەتا لەو دەشتە باپیری بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێی گوت ناوی مەیسوونە... (دادە مەیسوون) و (مەیسوون)ی خۆیانی هێنایە بەرچاو، ئاخۆ شێوەی لە کامیان چووبێت...!! ئەگەرچی دەترسا ئەو گریانەی وا لە دڵیەوە هەڵقوڵاوە و گەیشتووەتە قورگی، بتەقێتەوە و ئەویش لەسەر ئەوە بەزمێکی پێ بگێڕێت، بەڵام دیسان لە (مەیسوون)ی ڕوانی، کە بەردەوام لەو دەشتە پووشی دەخوارد و کلکی با دەدا... لەو ڕۆژەوە باپیری بردبوویەوە لای خۆی، زۆر جار ئاوا هێنابوویە بەرچاوی و شەوانیش خەونی پێوە بینیبوو... دایکی پێی گوتبوو: ((مانگا پانزدە ساڵ دەژیێ... خۆ ئێمە ئەگەر بەختمان هەبێت، تا حەوت ساڵی دیکە مەیسەمان لا دەمێنێتەوە))... کاتێ ئەو گوتەیەی بیر کەوتەوە، هێندەی دیکە ناخی هەژا، بەڵام بۆ ئەوەی بەسەر گریانەکەیدا زاڵ ببێت، لە کڵاشەکانی باپیری دەڕوانی، کە هەرچەند لەسەر زەویی دادەنان و دەیگوێزانەوە، تۆزی سەر ئەو ڕێگایەیان بە با دەدا... ڕۆژانی تر جووتێ پێڵاوی تۆکمەی لە پێ دەکرد، کە لە (دالۆن)ی جوولەکەی کڕیبوون، بەڵام ئەمڕۆ ئەوانیشی بەمانە گۆڕی... بێگومان دەستێ جلی دیکەی جیاواز لەوانەی پێشوویشی پۆشی، کە ساڵەهای ساڵ لەناو باوەڵێک هەڵیگرتبوو... دوای نیوەڕۆ کاتێ داوای لە (دادە ئەنتوانێت) کرد مۆڵەتی بداتێ، گوایە هەندێک کاری زۆر پێویستی هەیە، زیاتر بۆی دەرکەوت باپیری شتێکی بە دەستەوەیە، بەڵام نەیدەزانی نیازی چیی هەیە... ئەویشی لەوێ جێ هێشت و گوتی با بۆ خۆی لەو ناوە یاری بکات، تاکو ئێوارە دێت دەیباتەوە... (کەژێ) نەیدەزانی ئەو گوێی لێیە، گوتی:

_ فێری ئەوە بووە زوو زوو سەردانی گۆڕەکەی دەکات.

(مەیاس) پرسی:

_ گۆڕی کێ...؟! هیی ژنەکەی...؟! ئەوەیە پیاو...!! ژنی خۆی بە خەنجەر لەتوکوت دەکات و تەرمەکەی لە قەڵات فڕێ دەداتە خوارێ، دواییش لەسەر گۆڕەکەی دەگریێ.

(شەمام) بە پیشەی خۆی، کە هەمیشە شتەکانی لە ڕێگای گاڵتەوە دەردەبڕی، لەژێر لێوانەوە گوتی:

ـــ ئای لەو مردووگێیە...!! باز بەسەر زیندووواندا هەڵ دەدات و بۆ لای.....

(نەخشە) چاوی لێ نووقاندن، کە قسەی وا نەکەن... ئەوسا لە (سوهاد)یان ڕوانی و دەرگای باسەکەیان داخست... هەموو گیانی دەلەرزی... باوەڕی نەدەکرد ئیتر بتوانێت لەو ماڵە چۆڵەدا لەگەڵی بژیێ... چەند جارێ هاتە سەری بچێتەوە لای دایکی و لەوێ خۆی بشارێتەوە... هەر ئەو ڕۆژە بۆی دەرکەوت ئەوان ئەگەرچی بە (حەمدی) بانگی دەکەن، بەڵام چاک دەزانن ناوی ڕاستەقینەی (خەلۆ چاوسوور)ە و ئاگایان لە هەموو نهێنییەکانی ژیانی هەیە... لە پشت ئەو کۆلکەدارانەی بە بەرزاییی بەژنی بنیادەم لەسەر یەک کەڵەکە کرابوون، خۆی مەڵاس دابوو و گوێی لێ دەگرتن، بۆیە ئەمانەی زانی... ئەگەر لەو کاتەدا (تیشکەشان) لە پەنجەرەی نهۆمی سەرەوەی خانووەکەیان، کە دەیڕوانیە ئەوێ، بانگی نەکردایە، ئەوا بێگومان زیاتریشی دەبیست... ئەوە یەکەمجار بوو لە ماوەی ئەو سێ چوار مانگەدا بانگی بکات، بگرە ئەوە یەکەمجار بوو ناوی بهێنێت، ئەگەرچی ئەو هەر لەو ڕۆژەوە دیبووی وەک کچێکی ئێسکسووک هاتبووە بەرچاوی... شەوان بە خەیاڵ دەیکردە دایکی و دەچووە قووڵاییی باوەشیەوە، تاکو گوێی لە ترپەی دڵی ببێت و زوو زوو چەناگەی ماچ بکات، یان ڕوومەتی لەو قۆڵە ڕووتانەی بخشێنێت و قژی بخاتە نێوان ددانەکانی، کە نەیدەزانی ڕەنگی زەردە، یان سوور، تەنیا ئەوەندەی لا ڕوون بوو کاتێ لە بەر تیشکی هەتاودا دەبریسکایەوە، تەزووی بە سەرتاپێی گیانیدا دەهێنا... دەکرا بڵێت لە بنەڕەتدا زەردە و خۆر بۆ سوورێکی هەناری دەیگۆڕێت، بەڵام دەنگی لە هیی کەس نەدەچوو، تەنانەت لەوەی (پەریهان)یش زیاتر سەرنجی ڕادەکێشا... هەمووی یەک دوو جاریش گوێی لێ بووبوو قسە بکات، چونکە ئەو بە هیچ شێوەیەک نەدەهاتە ئەو شوێنانەی ئەوانی لێ بوونایە... ئەو یەک دوو کەڕەتەیش میوانەکانی بە ڕێ دەکرد، کە سێ ژنی لە تەمەنی دایکی و چواری هاوزای خۆی بوون و تا تەواو دوور دەکەوتنەوە، هەر پێکەوە دەدوان... ئەوانیش لە خانەوادە دەوڵەمەندەکان بوون... خۆ مرۆڤ هەر بەو جلوبەرگە نوێیانەیانەوە دەیزانی چ کارەن و لە کوێ دەژین... (تیشکەشان) هەندێجار بە تەنیا لە سەربانی خانووەکەیان دەوەستا و لەو بەرزاییەوە بۆ دوور دەیڕوانی... هەندێجاریش دەچووە باخەکە و لووتی دەخستە ناو پەڕەی گوڵەکانەوە، تاکو قووڵ قووڵ بۆنیان هەڵمژێت، بەڵام هەرگیز نەیبینی پێ بخاتە ناو بێستانەکەوە... لە گەڕانەوەدا چەپکێک گوڵی ڕەنگاوڕەنگی لەگەڵ خۆی دەبردەوە و بە درێژاییی ڕێگا هەر بۆنی دەکرد... کاتێ دەرگا ساجەکە قووتی دەدا، ئەم دەیهێنایە بەرچاوی لەودیو چی دەکات... چۆن پێڵاوەکانی دادەکەنێت و سووک سووک بەسەر فەرشەکاندا هەنگاو دەنێت... چۆن دەچێتە ژوورەکەی و یەک یەک جلەکانی دادەکەنێت... ئینجا چۆن لە بەرانبەر ئاوێنە دەوەستێت و بە شانەیەکی گەورە ئەو قژە درێژەی دادەهێنێت... دواییش چۆن سەرنج لە گیانی خۆی دەدات و بەردەوام بزە دەکەوێتە سەر لێوی... ڕاستییەکەی تەنیا یەک کەڕەت لە درزی دەرگاوە ئەودیوی دیبوو، بەڵام هەرگیز باوەڕی نەدەکرد ڕۆژێک لە ڕۆژان دوو پێی تێ بخات... نەخێر، نەیدەزانی جارێک ئاوا بانگی دەکات... سەرەتا بە پەنجەکانی ئاماژەی بۆ کرد و پێی گوت:



__ ئادەی وەرە بچکۆل، ئیشێکم پێتە.
ئەگەرچی ئەو لەو شوێنە تەنیا کەسێک بوو هیی ئەوە بێت پێی بگوترێت بچکۆل، بەڵام خێرا بەملا و بەولای خۆیدا ڕوانی، نەبادا یەکێکی دیکەی مەبەست بێت... ئینجا پەنجەی دۆشاومژەی لە سنگی خۆی چەقاند، تاکو لە ڕێگای ئەو ئاماژەیەوە بپرسێت: ((من...؟!))، لە کاتێکدا نەیتوانی بە زمان یەک وشە دەرببڕێت... ئەو گوتی:
__ ئا، لەگەڵ تۆمە، سوهاد... خێرا وەرە، دەی...!!
یەکەمجار بوو هەست بکات ناوی مانای هەیە... پێشتر هیچ کەسێک بەو شێوەیە ئەو پێنج پیتەی ئاوا بە دوای یەکدا گۆ نەکردبوو... بەردەوام لە مێشکی دەزرینگایەوە، بەڵام هەرچەند لە دەرگایان نزیک دەکەوتەوە، دڵی خێراتر لێی دەدا... بە ئاسانی نەدەزانی پێی بخاتە ئەودیو، لە کاتێکدا دەبووایە بەسەر ئەو قادرمەیەش بکەوێت، بۆ ئەوەی بگاتە ژوورەکەی... لەگەڵ گواستنەوەی قاچی لەسەر هەر پایەکەوە بۆ یەکێکی دیکە، شەرمەکەی قورستر دەبوو، بەڵام ئەمە نەیدەتوانی ئەو خۆشییەی بشارێتەوە، کە سەرتاپێی گیانی ختووکە دەدا... کزەبای ناوەڕاستی ئەیلوول لە درزی پەنجەرەوە دزەی دەکرد و لەودیو پەردە سپییەکەی دەلەراندەوە، کە بە وێنەی دەیان پەپوولەی سوور نەخشابوو... بۆنی عەتر لە ژوورەکەیەوە دەهات و دەگەیشتە لووتی... دوور لە خواستی خۆی زمانی لە دەمی دەهاتە دەرێ و لێوی دەلستەوە... زەوقی دەبزووا... ئەوە یەکەمجار بوو هەست بکات شەبزووزی ئاوا ڕەق دەبێت و ناتوانێت بینیشێنێتەوە... وای دەزانی ڕووتە و هەموو گیانی بە دەرەوەیە... زوو زوو دەستی بە جلەکانیدا دەهێنا، تاکو لەوە دڵنیا بێت، کە داینەکەندوون، یان دەستی جادووگەرێک نەیدزیون... خەونی ئاوای زۆر دیبوو و بەیانییان بۆ دایکی و (وریا)ی برای گێڕابووەوە... چەندی دەکرد لەوە تێنەدەگەیشت بۆچی ئەو پیاوەی دەهاتە بەرچاو، کە لە نزیک ماڵی خۆیان مەشقی بە ئەسپێکی سوور دەکرد... دوو قامچیی بەم دەست و بەو دەستی دەگرت و لە بەرانبەری دەوەستا... هەر کە دەستەکانی هەڵدەبڕی، ئەو قاچەکانی بەرز دەکردەوە... ماوەیەک لە هەوا دەیجووڵاندن و دەیحیلاند... نا، هەرگیز نەیدەزانی بۆچی خەیاڵی بۆ لای ئەو دیمەنە دەچوو... بەردەوامیش لە خۆیی دەپرسی: ((چیی لێم دەوێت...؟!)).
__ دەمەوێت لە دواوە ئەو ئاوێنەیەم بۆ بگریت، سوهاد.
لەسەر کورسیی بەرانبەر ئاوێنە لاکێشەکەی قەد دیوار دانیشتبوو... خۆی جوان جوان ڕازاندبووەوە... ئەو ئاوێنە چوارگۆشەیەیشی دایە دەستی ئەو، بەو مەبەستەی بۆی بگرێت و دواوەی خۆی ببینێت... ئەمجارەیان بە جووڵەیەکی سەرنجڕاکێش کورسییەکەی سووڕاند و گوتی:
__ نا، بچکۆل... وا باشترە ڕووم لەمەی دەستی تۆ بێت و لەو گەورەیە سەیری پشتەوەی خۆم بکەم.
قەراغەکانی بەو پەنجانەی گرتبوو... هەموو گیانی مێروولەی دەکرد... جار جار دوور لە خواستی خۆی دەمولووتی لە قژی و شانە ڕووتەکانی نزیک دەبوونەوە و هێندەی تر دەوروژا... دەترسا گازیان لێ بگرێت و ددانە تیژەکانیان لێ بباتە خوارێ... ئەو بێ ئەوەی هیچ نرخێک بۆ منداڵێکی ئاوا دابنێت، بەردەوام خەریکی ڕێکخستنی قژی بوو... جار جار گۆرانیی دەگوت... ئەو دەنگەی زیاتر تەفرەی دەدا... گوتی:
__ ئێستا ئاوێنەکە دانێ و ئەو جووتە پێڵاوەم بۆ

بێنە.
بە ئەنگوستی دۆشاومژەی ئاماژەی بە ژێر تەختی نووستنەکەی کرد، کە ساجێکی تۆکمە بوو و پێچکەکانی بە شێوەیەک لە شێوەکان لە پووزە ڕووتەکانی دەچوون... شەرم ڕێگای پێ نەدەدا، ئەگینا دەیویست پەنجەکانیان لێ بئاڵێنێت و بیانگوشێت، کە هێندە لووس بوون، ختووکەی ناولەپیان دەدا... تەزوو بە سەرتاپێی گیانیدا دەهات... ئینجا هێنایە بەرچاوی چۆن دەبێت بە دەمدا خۆی هەڵداتە سەر ئەو دۆشەگە و چەند جارێک ئەو ئیسپرینگە گەورە و بەهێزانە بیلەرێننەوە... پێڵاوەکانیش هێندە نەرم بوون، دەتگوت لە حەڵوا دروست کراون... دەترسا دوور لە خواستی خۆی بیانخاتە دەمیەوە و لەژێر ددانەکانیدا لەتوکوت ببن... (تیشکەشان) ئەو کاتەی لە پێی دەکردن، لێی پرسی:
ـــ کێ ئەو ناوە خۆشەی لێ ناویت...؟!
نەیدەزانی چ وەڵامێکی بداتەوە، بەڵام باش بوو هەر خۆی گوتی:
ـــ دایکت... وایە...؟!
سەری بۆ لەقاندەوە... ئینجا ئەو پرسی:
ـــ ئەی ناوی وافی خۆش نییە...؟!
ئەگەرچی پێشتر هەرگیز گوێی لە ناوی ئاوا نەبووبوو، بەڵام هەستی دەکرد لەسەر زمان ڕەقە... نەیویست ڕاستیی پێ بڵێت، بۆیە بە نابەدڵی گوتی:
ـــ با، خۆشە.
ئەو دەموچاوی گرژ کرد و قیژاندی:
ـــ خۆشترین ناوە... هەست ناکەیت هیچ ناوێک هێندەی وافی خۆش نییە...؟!
وای بۆ چوو ناوی خزمێکیانە، بۆیە گوتی:
ـــ ئەها، وافی...!! زۆر زۆر خۆشە... من بە نافی تێگەیشتبووم.

(تیشکەشان) هێشتا تووڕە دیار بوو... پێی گوت:
ـــ جارێکی تر جوان گوێ لە پرسیار بگرە، ئینجا وەڵام بدەرەوە... باش...؟!
گریان قورگی گرت و هەر بە سەرلەقاندن وەڵامی دایەوە... ئەو نەیدەبرییەوە:
ـــ وافی لە کوێ و نافی لە کوێ... تۆ لەوە ناچێ گوێچکەت تەواو بێت.
(سوهاد) لەو کاتەدا ئاوڕی بۆ سووچی چەپی ژوورەکە دایەوە و وێنەیەکی بە قەدی دیوارەوە بینی... حەپەسا... دەمی بستێک کردەوە، بەڵام نەیتوانی هیچ بڵێت... خۆ ئەوە خۆیەتی...!! بەڵێ، ئەوەتا ڕەوەیەک قاز بۆ ماڵەوە دەهێنێتەوە... (دادە ئەنتوانێت)یش لە دەرگا وەستاوە و لێی دەڕوانێت... ڕێک ئەو دیمەنەیە، کە هەموو ئێوارەیەک دووبارە دەبێتەوە... ((ئەوە کێ کێشاویەتی...؟!))... نەدەکرا باز بەسەر ئەو پرسیارەدا هەڵبدات... ئەوەندەی دەزانی ژنان دەیانگوت (دادە ئەنتوانێت) نیگارکێشێکی زۆر لێهاتووە، بەڵام نەیدەزانی (تیشکەشان)یش وەک ئەو وایە... دەی باشە، ئەگەر ئەو نەیکێشاوە، بۆچی لە قەدی دیواری ژووری خۆیی داوە...؟! نا، هەر دەبێت ئەو کێشابێتی... بە تیلەی چاو لێی ڕوانی... هێشتا دەموچاوی گڕی لێ دەباری... زەرفێکی خستە ناو مستی، کە دیار بوو زبڵی تێدا بوو... بێ ئەوەی لە چاوی ڕابمێنێت، پێی گوت:
ـــ ئەمە لەگەڵ دەستی خۆت فڕێ بدەرە ناو بەرمیلی بەردەرگا.
کاتێ گەیشتە ناو بێستانەکە، ئەوان هەر یەکەی بە ئیشێکەوە خەریک بوو... هەر کە زانی ئاگایان لەو نییە، بە دەنگ گریا، بەڵام لە دڵەوە دەیویست بچێت گۆڕی (مەیسوون)ی نەنکی بدۆزێتەوە و لەوێ



لە تەنیشت باپیری درێژە بە گریانەکەی بدات... هێندەی نەبرد بینی وا ئۆتۆمۆبیلێک لە دوورەوە دێت و تۆزوخۆڵی ئەو ڕێگایە بە با دەدات... ئەوە یەکەمجار بوو لە ژیانی خۆیدا ئەو دەعبایە هێندە لە نزیکەوە ببینێت، بەڵام (کوڕە برزێوەکانی دادە مەیسوون) زۆریان بۆ باس کردبوو، کە خۆیشی نەیدەزانی بۆچی لێی دەترسێت... ئەوەندەی لا ڕوون بوو، پێچەوانەی (وریا)ی برای ڕقی لە هەر شتێک بوو، ئەگەر خێرا بڕۆیشتایە... تا بۆی بکرایە لەو شتانەی نەدەڕوانی، کە بە تیژی تێدەپەڕین، بە تایبەتی ئۆتۆمۆبیل، بەڵام ئەو جارەیان بیویستایە و نەیویستایە، دەبووایە ڕووبەڕووی ببێتەوە... هەردوو سەگەکەی (فەوزی بەگ)، (داندۆ) و (ماندۆ) کاتێ ئەو دیمەنە سەیرەیان بینی، پێشیان لێ گرتەوە و نەیاندەهێشت لەوە زیاتر نزیک ببێتەوە... دەوەڕین و خۆیان بۆ سەر بۆنێتی هەڵدەدا... (فەوزی بەگ) هاتە دەرێ و تێیگەیاندن، کە واز بهێنن... ئۆتۆمۆبیل کەوتەوە گەڕ و لە بەردەرگایان وەستا... دوو ژنی کەشخە، پیاوێکی هاوتەمەنی باپیری و کوڕێکی گەنجی لێ دابەزین... (فەوزی بەگ) یەک یەک دەستی دەگوشین و بە ڕێزەوە بۆ لای دەرگای حەوشەی دەهێنان... لەوێ ژنەکان چەند جارێ مڵچ مڵچ دەمیان خستە سەر ئەملا و ئەولای (دادە ئەنتوانێت)یشەوە، کە تازە بە جلێکی نوێوە هاتبووە دەرێ و قژی بەسەر شانیدا هێنابووە خوارێ، بەڵام (سوهاد) زۆر چاوی بۆ (تیشکەشان) گێڕا و نەیبینی... وەرزێرەکان دەستیان لە ئیش هەڵگرت و هاتن لەو ئۆتۆمۆبیلە بڕوانن... (کەژێ) و (شەمام) زوو گەیشتن و دوای ئەوانیش (مەیاس) و (داود)ی برای بە هەڵەداوان هاتن، بەڵام (نەخشان) لە دوورەوە پشتی بە درەختێک دابوو و لێیان ڕادەما... ئەمان گوێیان بەوان نەدا و میوانەکانیان بردە ژوورەوە... (داندۆ) و (ماندۆ)یش بەردەوام دەوروخولی دەعباکەیان دەدا و پێی دەوەڕین... ئەوسا لەسەر زمانی یەکێ لە ژنەکانەوە گوێی لە ناوی (وافی) بوو، کە بۆی دەرکەوت ناوی کوڕە گەنجەکەیە، ئەوەی دەستێ جلی ڕەشی ئینگلیزیی لە بەر بوو و دەعباکەی لێ دەخوڕی، بەڵام نەیدەزانی چ پێوەندییەکی بە (تیشکەشان)ەوە هەیە و بۆچی هاتووە... دەیویست ئێوارە کاتێ قازەکان بۆ (دادە ئەنتوانێت) دەهێنێتەوە، بە هەر شێوەیەک بێت لەو نهێنییە تێبگات... (کەژێ) و (شەمام)یش بۆ بیستنی هەواڵێک سوێیان بووبووەوە... هەوڵیان دەدا بە زووترین کات بزانن ئەوانە کێن و بە چ نیازێک سەردانیان کردوون... لە پشت دەرگا خۆیان مەڵاس دەدا و گوێیان بۆ قسەکانیان هەڵدەخست... هەردووکیشیان وای بۆ دەچوون بە مەبەستی خوازبێنیی (تیشکەشان) هاتوون، بەڵام لایان ڕوون نەبوو... ئێوارە (سوهاد) قازەکانی دەهێنایەوە و لە دوورەوە سەرنجی لە سیمای (دادە ئەنتوانێت) دەدا... ئەوە یەکەمجاری بوو لە کاتێکی ئاوادا خەیاڵی بە هیچ لایەکدا نەڕوات، بەڵکو دەیویست بزانێت تا چ ڕادەیەک (کەژێ) و (شەمام) ڕاستی بۆ چوون... وای دەزانی وەک هەموو ئێوارەیەکی تر شتێک پارەی دەخاتە ناو دەستی، بەڵام پاکەتێکی چوارگۆشەی دایە و پێی گوت:

ــ ئەمڕۆ شیرینیم بۆ هێناویت، بچکۆڵ گیان... ئەمە پاقلاوەیە... بەشی نەخشە و ئەوانی دیکەیشی لێ بدە.

پێشتر ناوی پاقلاوەی بیستبوو، بەڵام ئەوە یەکەمجار بوو لە نزیکەوە بیبینێت... بە هیچ شێوەیەکیش دڵی نەیدەبرد، بگرە دەترسا لە دەستی بکەوێتە

خوارێ، چونکە هەموو گیانی دەلەرزی... (کەژێ) و (شەمام) ئەو هەلەیان قۆزتەوە و هاتنە پێشەوە... یەکەمیان گوتی:

ــ ئۆی...!! شیرینی...؟!

دووەمیان بۆی تەواو کرد:

ــ دەی شیرینیی تیشکەشان بێت، بەشکو هەلهەلەیەکی قایم بکێشم...!!

(دادە ئەنتوانێت) بزەیەکی خستە سەر لێوی و گوتی:

ــ هیی تیشکەشانە، بەڵام هەلهەلە مەکێشە.

ئینجا کەمێک خۆیی خەمبار پێشان دا و گوتی:

ــ بە قەدەر ئەوەی دڵم خۆشە، کە کوڕێکی باشی وەک وافی بەگی بە نەسیب بووە، هێندەیش خەفەتبارم، بەوەی باوەڕ ناکەم من بێ ئەو تاقە کچە نازدارەم بژیم.

(شەمام) بە پیشەی خۆی ویستی ئەودیوی مەسەلەکە بزانێت، بۆیە بە تیلەی چاو لێی ڕوانی و گوتی:

ــ دەبێت تیشکەشان خۆی کوڕەکەی بە دڵ بووبێت...!!

(دادە ئەنتوانێت) کەمێک دەمی تێک ئاڵا:

ــ دەزانی چۆنە، شەمێ...؟! فەوزی وای پێ چاکە و ئەویش لە قسەی باوکی دەرناچێت... ئیدی شتەکە ئاوایە، ئاوا...!!

(سوهاد) هیوای دەخواست بیتوانیایە پێی بڵێت ئەمە ڕاست نییە، بەڵکو (تیشکەشان) خۆی زۆری بە دڵە و پێی وایە خۆشترین ناوی هەیە، بەڵام دەترسا ئەو گریانەی قوڕگی بتەقێتەوە و ببێتە جێگای پێکەنینی ئەوان... ئەوسا (دادە ئەنتوانێت) وەک بڵێی ناخی ئەوی خوێندبێتەوە، گوتی:

ــ خۆزگە منداڵەکانمان هەر لەم تەمەنەی سوهە دەمانەوە و گەورە نەدەبوون... نە خۆیان خەم دەناسن و نە خەمیش بۆ دایکوباوکیان دەهێنن.

بۆ ئەوەی بە هەڵە قسەکەی لێک نەدەنەوە، ئەمەیشی بۆ زیاد کرد:

ــ هەر چۆنێ بێت من پێم خۆشە کچەکەم دەچێتەماڵێکی باش و ناو خانەوادەیەکی ناسراوی شار.

ئەوسا (سوهاد) بە شێوەیەک دڵی لە خۆی داما، کە دەترسا لە بەرچاوی ئەوان لە پرمەی گریان بدات... دیسان هیوای خواست گۆڕی (مەیسوون)ی نەنکی پێ بزانیایە، تاکو لەوێ مشتێک فرمێسکی هەڵبرشتایە، کە لای ڕوون بوو وا باپیری لەوێ دەگریێ و بەو دەسرە گوڵگوڵییە لاکێشەییە دەموچاوی دەسڕێت... لەو کۆلکەدارانەی ڕوانی، کە بە بەرزاییی بەژنی بنیادەم لەسەر یەک کەڵەکە کرابوون... لە شێوەی کیسەڵێکی گەورە کەوتنە بەر دیدەی... ئینجا چاوێکی بە دەعباکەی (وافی بەگ)دا گێڕایەوە... بیری لەوە کردەوە چەند بە خێرایی (تیشکەشان)ی لە دەست چوو... هەندێجار سەرزەنشتی خۆیی دەکرد، بەوەی ئەو چ پێوەندییەکی بەو کچە دەوڵەمەندەوە هەیە، تاکو ئاوا بە شووکردنی سەغلەت ببێت، بەڵام زۆری نەدەبرد بۆی دەگەڕایەوە... ڕووی لە ماڵەکەیان وەرگێڕا... چووە لای (نەخشە)، کە هێشتا پشتی بە قەدی درەختێک دابوو و لە (دادە ئەنتوانێت) و ئەوانی دەڕوانی... پاکەتەکەی دایە دەستی... ئەو پێی گوت:

ــ نەخشە بۆ حەمدیی باوکت بێت.

قاقایەکی لێ دا و گوتی:

ــ گاڵتە دەکەم، هەتیو، نەخشە لە حەمدیی باوکت بێت.

کاتێ نەیتوانی هیچ بڵێت، لێی پرسی:



ــ وەرە، سوهە، ڕاستم پێ بڵێ حەز ناکەیت باوکت ژنێک بهێنێت و دایکێکی باشت بۆ ببێت...؟!
گریان هێندەی دیکە شالاوی بۆ هێنا، بەڵام ویستی بە هەر شێوەیەک بێت بەرپەرچی بداتەوە... ئەویش نەیدەبڕییەوە:
ــ وای ئەگەر من دەبمە دایکت، هەر خۆم دەزانم چۆنت بە خێو دەکەم، بەڵام چی لەو کەللەڕەقەی باپیرت دەکەیت...!!
بۆی دەرکەوت ئەو ژنە بە ڕاستی دڵی بە باپیرییەوەیە و دەیەوێت شووی پێ بکات، ئەگەرچی سوور دەزانێت هاوسەری خۆی بە چ شێوەیەک لە ناو بردووە و چۆن خەڵک بەردەوام چیرۆکەکانی دەگێڕنەوە، کە پڕن لە کوشتن و بڕین... ئەوەتا بۆ یەکەمجار لە دەمی دەرچوو، گوتی (باپیرت) و وەک هەمیشە نەیگوت (باوکت)... بۆ ساتێ هێنایە بەرچاوی، ئەگەر سبەینێ (نەخشە) شوو بە باپیری بکات، چی ڕوو دەدات... ئایا ئەو جلانەی فڕێ دەدات و هیی بووکێنی دەپۆشێت...؟! شەرمن شەرمن لەسەر کورسییەک دادەنیشێت و بە تیلەی چاو لەو کچ و کوڕانە ڕادەمێنێت، کە لە حەوشە و سەربان بە جۆش دەستی یەک دەگرن و بە دەم گۆرانییەوە هەڵدەپەڕن...؟! ئایا ئەوسایش ئاوا بە ڕووی خۆشەوە قسەی لەگەڵ دەکات و وەک ئێستا خواردنی خۆیی دەداتێ...؟! نەیدەزانی بۆچی دیمەنی ڕۆژی یەکەمی هاتەوە بەرچاوی، کاتێ بەنەخوێنی کردەوە و شەرواڵی تا ئاستی ئەژنۆی هێنایە خوارێ... ئینجا لەملا و لەولاوە قاچەکانی لەسەر دوو بەرد دانا و میزی کرد... خوڵە گەرمەکەیش کزززززز هەڵیمژی... کاتێ میزەکە تێکەڵی خوڵەکە بوو، بۆنێکی خۆشی لێ هات... نەیتوانی چاو لەو دڵۆپانە بنووقێنێت، کە ناوە ناوە دەرفەتیان دەهێنا و خۆیان هەڵدەدایە خوارێ... ئەوسا تەزووی پێدا دەهات و لەو ترسە تێنەدەگەیشت، کە بە دەمارەکانیدا دەگەڕا، بەڵام ئێستا بە شێوەیەکی تر دێتەوە بەرچاوی و نازانێت بۆچی ئازاری دەدات... ڕاستییەکەی ئازار نییە، بەڵام شتێکە لە چەشنی ئازار و زەحمەتە بتوانێت ناوێکی لێ بنێت... دواتریش هەر جارێ بیزانیایە دڵی تەنگە و بیری ناو منداڵان دەکات، ئاژەڵ و باڵندەی سەیر سەیری بۆ لە قوڕ دروست دەکرد، کە بە ڕاستی لەو هونەرەدا دەستڕەنگین بوو... ئایا کاتێ دەبێتە باوەژنی، یان یان با بڵێین ئەگەر ببێتە باپیرەژنی، هەر ئاوا لەگەڵی میهرەبان دەبێت...؟!
دەتگوت گوێی لە ناخی بووە، گوتی:
ــ ئەم پاکەتە مەدەرە من، سوهە... بیگرە قوربانت بم... با بەشی منیش بۆ تۆ بێت.
ڕووی لێ وەرگێڕا و نەیویست چاوەکانی ببینێت، کە فرمێسکیان پێدا دەهاتە خوارێ، چونکە ئەگەر بیپرسیایە بۆچی دەگریێ، ئەوا نەیدەزانی چ وەڵامێکی بداتەوە... لەوەیش ناخۆشتر ئەوە دەبوو، ئەگەر بیویستایە لە قوڕ ئاژەڵ و باڵندەی بۆ دروست بکات... خۆ نەدەکرا پێی بڵێت: ((من بۆ تیشکەشان دەگریم... ئەسپ و مراویی قوڕم بۆ چییە...؟!))... دەترسا ئەمجارەیان دەعباکەی (وافی بەگ)ی بۆ دروست بکات و پێی بڵێت: ((دەی وا بزانە تۆیش بوویت بە پیاو و ڤننننننن ئۆتۆمۆبیل لێ دەخوڕیت... لە بەردەرگای ماڵی دەزگیرانەکەت ئوء ئوء دەوەستیت و دید دیییید دەچیتە ژوورێ... ئینجا تاپ تاپ تاپ پایەکانی قادرمەکە یەک لە دوای یەک دەبڕیت و دەگەیتە لای، کە ئەوەتا لەسەر کورسی دانیشتووە و لەو ئاوێنەیە سەرنج لە خۆی و لە تۆیش دەدا... سووک سووک دەستت لە ناوقەدی دەئاڵێنیت و تێر تێر ڕوومەت

و قۆڵە ڕووتەکانی ماچ دەکەیت... بیگرە، بچکۆل گیان، بۆ خۆت ڤنننننن لە ماڵیشەوە هەر یاریی پێ بکە))... نا، ڕێگای نەدا نە فرمێسکەکانی چاوی ببینێت و نە هیچ پرسیارێکی لێ بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا پێی گوت:

_ من نازانم ئەمڕۆ تۆ بۆچی ئاوا کزیت، وردیلەکەم...!! وەرە پاقلاوەکەت ببەرەوە.

نەگەڕایەوە... ویستی بچێت لە حەوزەکە دەموچاوی بشوات، تاکو شوێنەواری فرمێسک بەسەر ڕوومەت و چەناگەیدا دەرنەکەوێت، بەڵام هەر خێرا پەشیمان بووەوە... لقێکی لەو درەختەی سەر ڕێگا کردەوە... لەسەر ئەو خۆڵە وردە وێنەی سەیر سەیری کێشا، بێ ئەوەی بزانێت ئەوانە چین... لە دڵی خۆیدا گوتی:

((بۆچی ئاوا لە خۆم دەکەم...؟! باشە چی بووە...؟! هەتا ئێستا وام هێناوەتە بەرچاو دایکمە و شەوان لە باوەشی دەخەوم... لەمەودوا باوکێکیشم هەیە... دەبێت جێگای من لەنێوان خۆیان دابخەن... ناهێڵم لە یەکتر نزیک ببنەوە... لە نیوەشەودا خۆم نەخۆش دەخەم و وڕک بۆ ئەو شتانە دەگرم، کە بە ئاسانی دەست ناکەون... دایە بە بابە دەڵێت هەر ئێستا دەچیت بۆی پەیدا دەکەیت... ئەو سەرەتا بیانوو دەهێنێتەوە، گوایە ماندووە و خەوی دێت، دوایی دەڵێت چۆن بچێت بەم درەنگی شەوە لە قاپیی دووکاندارەکان بدات و لە خەویان هەڵبستێنێت... ئینجا چۆن قەناعەتیان پێ بهێنێت، کە شتێکی زۆر پێویستی بۆ تاقە کوڕەکەی دەوێت و هەر دەبێت لەبەر خاتری ئەو بێنە بازاڕ، تاکو دووکان بکەنەوە و بیدەنێ، بەڵام کاتێ دایە پێ لەسەر داواکەی دادەگرێت، ئەو ناچارە جلەکانی بگۆڕێت و بە جێی بهێنێت... هەرگیز نامەوێت بخەوم، ئەگەر نەزانم دەستم لەسەر سەرینەکەی دایە داناوە و ئەویش ملی خستووەتە سەری، بۆ ئەوەی لەگەڵ هەر جووڵە و چرپەیەکدا بێدار ببمەوە و نەتوانن نینۆکیان لە نینۆکی یەکتر نزیک بکەنەوە...

دایە بەینییان پێم دەڵێت:

_ خووێکی سەیرت گرتووە، سوهەی ڕۆحم... شەوان لە خەودا پەنجەی من دەخەیتە دەمتەوە و بەردەوام دەیمژی، لە کاتێکدا بەو نینۆکە تیژانەت چڕنووک لە گیانم دەگریت.

شوێنەواری چڕنووکەکانم لەسەر شانە ڕووتەکانی دەرکەوتوون و پێشانم دەدا، بۆ ئەوەی ماچیان بکەم... ئەوسا پێم دەڵێت:

_ وا نەزانیت پێم ناخۆشە، نا، بە قوربانت بم، پێم ناخۆش نییە، بەڵکو زۆر ئاسوودەم، کە هەست دەکەم تۆ لە خەویشدا منت هەر لە بیرە.

بە ڕۆژ تا بۆم بکرێت ماندوویان دەکەم، بۆ ئەوەی زوو خەویان لێ بکەوێت... کاتێکیش دەخەون، تا بەیانی بێدار نابنەوە... بابە ڕۆژێ بە قاچی شکاوەوە دەگەڕێتەوە... شەوێک سەرما پەنجەکانی تەزاندووە و چەند ڕۆژێ لە جێدا کەوتووە... جارێکیش چەند سەرخۆشێک دێنە سەر ڕێی... هەر بۆ ئەوەی کاتێکی خۆشی پێ بەسەر ببەن، ئۆتۆمۆبیلەکەی دەشکێنن، جلەکانی لە بەر دادەکەنن، تێر تێری لێ دەدەن و بە ڕووتی بۆ ماڵی دەنێرنەوە... خوێن لە دەمولووتییەوە فیچقە دەکات و ئەژنۆکانی شینومۆر هەڵگەڕاون... دایە هەرچەند ئاوا دەیبینێت، قاقا لێ دەدات و ناتوانێت فریای بکەوێت... ئەو هەزار جوێن دەدات و سەرتاپێی دنیا بە نەفرەت دەکات، بەڵام دایە زیاتر پێدەکەنێت... بابە لەوە زیاتر بەرگەی ئەو سووکایەتییە ناگرێت... جێگاکەی خۆی دەپێچێتەوە و دەیبات لەودیو دایدەخات...



ئینجا دایە تووڕە دەبێت... چاوەکانی گریان لێ دەبارێت... هەر وەک بڵێی ئەو کەسە نەبێت، کە تاوێ لەمەوبەر قاقای لێ دەدا و لەسەر ئەو زەوییە پاڵ دەکەوت، هەڵدەستێتەوە و چەند بۆکسێک بە دیواردا دەکێشێت... پێی دەڵێت:

ــ بڕۆ وافی... بڕۆ هیچوپووچ... نەک ژوورەکەت، بەڵکو ماڵەکەشت جیا بکەرەوە... من ئیتر نامەوێ چارەت ببینم.

بابە لەودیو هاوار دەکات:

ــ بۆم بوەستە، کچی فەوزی مەیتەر... با ڕۆژ ببێتەوە، بزانە چۆن خۆت و کوڕە نەفرەتییەکەشت جێ دەهێڵم... نابێت تا ماون چاوتان بە من بکەوێتەوە.

دایە سەری لە دەرگای ژوورەوە دەردەهێنێت و دەقیژێنێت:

ــ ئەوە هەڕەشەم لێ دەکەیت، وافە زەڕافە...؟! ئەگەر بەیانی لەم ماڵە بمێنیتەوە، من خۆم دەرتدەکەم و منداڵی کۆڵانت دوا دەخەم.

بە دەست خۆم نییە لەم کاتەدا بە دایە پێدەکەنم، کاتێ دەڵێت وافە زەڕافە، چونکە بە شێوەیەکی چەند بڵێی سەیر وا دەڵێت، بەڵام دەموچاوم بە لێفە دادەپۆشم... لە خۆم دەپرسم ئایا بە ڕاستی بابە لە زەڕافە دەچێت...؟! وەک ئەو قاچەکانی درێژ و ملیشی لە قاچەکانی درێژترە...؟! هاهاهاهاها... ڕەوەیەک زەڕافەی سەر پەردەی ژوورەکەمانم دێتە بەرچاو و زیاتر پێکەنین شاڵاوم بۆ دەهێنێت... بەیانی کاتێ هەڵدەستین، دەبینین هەر بە ڕاستی شتەکانی خۆیی پێچاوەتەوە و بردوونیەتی... شوێنەواری بەسەر ماڵەکەدا نەماوە... من شەرم دامدەگرێت... لە ڕووم نایەت لە چاوی دایە بڕوانم... ئەو لێم تێدەگات... لە باوەشم دەگرێت:

ــ پێویست ناکات تۆ گوناهەکە بخەیتە ئەستۆی خۆت، سوهەی دڵم... من هەر خۆم ئەو پیاوەم بە دڵ نەبوو... تۆیش لە بیر خۆتی ببەرەوە، گیانەکەم... ئەگەر تۆی خۆش بویستایە، جێی نەدەهێشتی.

ئاسان نییە لە خەیاڵی خۆمی بهێنمە دەرێ... هەست بە گوناهێکی گەورە دەکەم... کاتێ بیر لەوە دەکەمەوە، کە چۆن دایە پێی دەگوت وافە زەڕافە و منیش لەژێر لێفە پێدەکەنیم، ئازارێکی قورس دەچێژم... نامەوێت لەو پەردەیە بڕوانم، کە وێنەی ڕەوەیەک زەڕافەی لەسەر نەخشاوە... شەوان خۆم دەخزێنمە باوەشی دایە و ئەو دەهێنمەوە بەرچاوم، کە دەبێت ئێستا لە کوێ بێت... تۆ بڵێی هەر تەنیا بێت...؟! ئەرێ چۆن دەخەوێت...؟! چی دەخوات...؟! ئایا سەرمای نییە...؟! بیری ئێمە ناکات...؟! من بە ڕاستی بیری ئەو دەکەم... دایە پێچەوانەی من هەرگیز بۆی خەفەتبار نییە... هەر بە خەیاڵیدا نایەت... بە دەم ئیشی ماڵەوە، گۆرانی دەڵێت... جارێ چەپڵە لێ دەدات و جارێ هەلهەلە دەکێشێت... لە بەرانبەر ئاوێنە دەوەستێت و قژی زەردی دادەهێنێت... بانگی من دەکات ئاوێنە چوارگۆشەکەی بۆ بگرم، تاکو بە جوانی دواوەی خۆی لێ دیار بێت... من ڕۆژانە هەر پیاوێک دەبینم، لێی دەڕوانم، ئاخۆ شتێکی لە هیی بابە ناچێت، بەڵام مەحاڵە کەس لەو بچێت... بە ئاواتم یەکێک ببینم ناوی ئەوی لێ بێت... ئەو ئاواتەم نایەتە دی و نایەتە دی... پیاوێکم ناکەوێتە بەرچاو ئەو جلە کەشخانەی ئەوی لە بەر بێت، یان جووتێ پێڵاوی بریسکەداری وەک ئەوانەی ئەوی لە پێ کردبێت... نەخێر، بابە هەموو شتەکانی تایبەت بوون و جارێکی تر کەسی وەک ئەو پەیدا نابێتەوە... هەمیشە

چاوەڕێم لە دەرگا بدات و خۆم لێی بکەمەوە، بەو هیوایەی لە باوەشم بگرێت و بە دەستە بەهێزەکانی هەڵمبڕێت، تاکو من تێر تێر ڕوومەتەکانی ماچ بکەم، کە لایشم ڕوونە دنیایەک فرمێسک بەسەر شانەکانیدا دەبارێنم، بەڵام هەرگیز دەرناکەوێت... نا، بابە ون بووە... سەری خۆیی بۆ شوێنێکی زۆر زۆر دوور هەڵگرتووە و هەتاهەتایە ناگەڕێتەوە........، .........، ..........)).

نەیزانی چی لەو خەیاڵانەی هێنایە دەرێ... کاتێکی زانی وا بە دەنگ دەگریێ... چاوێکی تری بە دەعباکەدا گێڕایەوە، کە هێشتا لەو بەردەگایە وەستابوو و (داندۆ) و (ماندۆ)یش بەردەوام دەوروخولیان دەدا، بەڵام ئیتر پێی نەدەوەڕین... دەتگوت ئەوانیش هەستیان کردووە گۆڕانێکی نوێ بە ڕێوەیە... دنیا تاریک داهاتبوو... نە (دادە ئەنتوانێت) و نە وەرزێرەکانیشی بینی... ئینجا بیری لە باپیری کردەوە، کە بۆچی تاکو ئێستا نەگەڕاوەتەوە... تۆ بڵێی شتێکی بەسەر نەهاتبێت...؟! نەدەکرا باز بەسەر ئەو پرسیارەدا هەڵبدات، چونکە پێشتر هەرگیز نە جێی هێشتبوو و نە ئاوا چاوی لێ غافڵ کردبوو... ئایا ئەمشەو بە تەنیا لێرە دەمێنێتەوە...؟! باشە، لە خۆی ڕادەبینێت لە دەرگای ماڵی (تیشکەشان) بدات و پێیان بڵێت فریای بکەون...؟! بەردەوامیش دەگریا:

_ ئەوە بۆ باوکت دەگرییت، سوهە...؟!

ئەوە دەنگی (نەخشە) بوو، بەڵام لە کوێوە هات...؟! لە کەیەوە ئاوا لە پشتی وەستابوو...؟! لێی هاتە پێشێ و لە باوەشی گرت... دووبارە لێی پرسی:

_ بۆ باوکت دەگرییت...؟!

نەیدەزانی چ وەڵامێکی بداتەوە... ئاسان نەبوو بڵێت بۆ کام باوکەی دەگریێ...؟! هەر بە ڕاستییش نەیدەزانی بۆ کێ ئەو فرمێسکانە هەڵدەڕێژێت... بۆ (وافی بەگ)، کە لەناو خەیاڵەکەیدا سەری خۆی هەڵگرت و نەگەڕایەوە...؟! بۆ باپیری، کە خۆی کردووەتە باوکی...؟! یان بۆ ئەو باوکەی لە سلێمانی کوژرا...؟! خۆ ئەو تاکو ئەو دواییەش وای دەزانی باوکی (وریا) باوکی ئەویشە... (کوڕە بزێوەکانی دادە مەیسوون) پێیان دەگوتن چۆن و لە کوێ کوژراوە... دەیانگوت ئەو پیاوە وا لە زیندانە، بەڵام ڕۆژگارێک هەر بەر دەبێت... ئەوان هەمیشە تەگبیریان دەکرد چۆن کاتێ گەورە دەبن بکوژەکەی دەدۆزنەوە و لەتوکوتی دەکەن... دەیویست بەسەر ئەو گریانەیدا زاڵ ببێت و ئاوا لەناو باوەشی (نەخشان)دا وەک منداڵێکی دەستەپاچە خۆی نەبینێت، بەڵام نەیدەتوانی.

_ ئێرە ئەو شوێنەیە، کە جاران کازینۆی منداڵانی لێ بوو، پیرەمێرد... فەرموو دابەزە... ئەوە بۆچی دەگرییت...؟!

ناتوانێت وەڵامی ئەویش بداتەوە، چونکە هەر بە ڕاستی نازانێت بۆ ئاوا بەو چاوە کز و لەکەڵکەوتووانەی فرمێسک هەڵدەڕێژێت... پەنجە لەرزۆکەکانی دەگەیەنێتە قووڵاییی گیرفانی چاکێتەکەی و شتێک پارە دەردەهێنێت... دەیخاتە ناو دەستی، بێ ئەوەی بزانێت چەندە... ئەویش باقییەکەی دەداتەوە... جانتاکە هەڵدەگرێت و لەناو ئەو حەشاماتە دادەبەزێت.......

❊❊❊❊

***کازینۆی منداڵان نوێترین ڕۆمانی کاروان عومەر کاکەسوورە، کە هێشتا چاپ نەکراوەو بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا بخرێتە ژێر چاپ.**